# شێڵتەر و کێشەکانی لە ڕوانگەی ستافی بەڕێوەبردنەوە

**عزالدين عبدالصمد رسول**
بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

سەرەڕای هەوڵدانی حکومەت و بزوتنەوە فیمینیستەکان بۆ چاککردنی پێگە و چارەسەرکردنی گرفتەکانی ئافرەتان و کەمکردنەوەی ڕێژەی ئەنجامدانی توندوتیژی لە ناو خێزان و کۆمەڵگەدا، بەڵام تا ئێستاش ژمارە و جۆری شێڵتەرەکان لە هەرێمی کوردستاندا لە ئاستی پێویستدا نییە. لە بەشێك لە وڵاتانی جیهان ژمارەیەك شێڵتەر هەن، کە لە لایەن حکومەت یان ڕێکخراوەکانی تایبەت بە ئافرەتان بەڕێوەدەبرێن، یاخود بە هاوبەش سەرپەرشتیدەکرێن. بە شێوەیەکی گشتی ئامانج لە هەبونی شێڵتەر بریتییە لە پاراستنی ئافرەتان لە توندوتیژی و یارمەتیدانیان بۆ دوبارە گەڕانەوە بۆ ناو کۆمەڵگە و پلاندانان، کە خزمەت بە داهاتویان بکات. یەکێک لە کارەکانی ڕێکخراوەکانی ئافرەتان دامەزراندنی سەنتەر یاخود شێڵتەر بو، بۆ ئەو ئافرەتانەی لە ژێر هەڕەشەدان یان توندوتیژییان بەرامبەر ئەنجامدەدرێت لە هەرێمی کوردستاندا، لە دوای ساڵی(١٩٩٩)ەوە چەندین شێڵتەر لە هەرێمی کوردستان کرانەوە، کە لەلایەن ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و پارتە سیاسییەکان بەڕێوەدەبران. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانینی کێشەی شێڵتەرەکان لە ڕوانگەی ستافی بەڕێوەبردنەوە لە هەرێمی کوردستانی عێراق. میتۆدی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە میتۆدی چۆنایەتی لە ڕێگەی چاوپێکەوتنی نیمچە کراوە، هەروەها کۆمەڵگەی توێژینەوەکەش پێکهاتووە لە کارمەندانی شێڵتەرەکان وەک بەڕێوەبەری شێڵتەرەکان، توێژەری کۆمەڵایەتی و دەرونی، یاسایی، سەرۆکی پەرستار، چاودێر و کارمەندانی کارگێری. جۆری نمونەکەش مەبەستدارە، کە (٢٨) کارمەند بە نمونە وەرگیراون لە ڕێککەوتی ٢٠٢٢/٦/٤ تا ٢٠٢٢/٨/٢٩. ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەوەمان بۆ دەردەخەن،کە هۆکارەکانی خودی، کۆمەڵایەتی، ڕاگەیاندن، یاسایی و ڕێکخراوەکانی ئافرەتان هۆکاری سەرەکین بۆ دروستبونی گرفت و ئەنجامدانی توندوتیژیی دژی ئافرەتان.

**وشەسەرەکییەکان:** شێڵتەر، کێشە، کێشەی شێڵتەرەکان، ڕێکخراوە ناحکومییەکان، هەرێمی کوردستان

## ١. پێشەکی

Sullivan (٢٠١٢) ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە لە ئەمریکا بە هەزارەها ئافرەت و منداڵ لەبەر بێ جێگایی ناتوانن سود لە شێڵتەرەکان وەربگرن. زۆربەی قوربانییەکان وەک دوا شوێن هانا بۆ پرۆگرامی شێڵتەرەکان دەبەن، قوربانیانی ڕزگاربو دەچنە شێڵتەرەکان، کە پێویستییان بە یارمەتی هەیە. هەمو ساڵێک نزیکەی ١.٨ ملیۆن ئافرەت بە هۆکاری پەیوەندییەکانی خێزانی ڕوبەڕوی جۆرەکانی خراپ مامەڵەکردن دەبنەوە. ئەگەر بۆ مێژو بگەڕێینەوە، بۆ یەکەمین جار لە دوای جەنگی یەکەمی جیهان و لە ساڵی ١٩١٩ ڕێکخراوێکی ژنان لە لایەن کۆمەڵێک لە هاوسەرانی پیاوانی ناودار و ڕۆشنبیری کورد لە ئەستەمبۆڵ دامەزرا، بەناوی پێشخستنی ژنانی کورد (Kurd Kadinlari Teali Cemyeti)، دەکرێ بوترێت ئەمە یەکەمین کار و چالاکی ژنان بو، کە لە شێوەی ڕێکخراوێکدا خۆی بەرجەستە بکات (ملا، ٢٠١٥). لە هەرێمی کوردستانیش لە دوای ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١ دامەزراندنی پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان و گۆڕانکاریکردن لە چەندین یاسادا، بەتایبەتی یاسای بەرەنگاربونەوەی توندوتیژیی خێزان لە هەرێمی کوردستان-عێراق، ژمارە "٨"ی ساڵی ٢٠١١ (وەزارەتی داد،٢٠١١) چەندین ڕێکخراوی ئافرەتان دروستبون، کە بانگەشەی ئەوە دەکەن بۆ خزمەتکردنی ئافرەتان دروستبون و ئامانجیان بەرەوپێشبردنی دۆزی ئافرەتان و چارەسەرکردنی گرفتەکانیانە لە هەرێمی کوردستاندا.

یەکێک لە کارەکانی ڕێکخراوەکانی ئافرەتان دامەزراندنی سەنتەر یاخود شێڵتەر بو، بۆ ئەو ئافرەتانەی لە هەرێمی کوردستاندا لە ژێر هەڕەشەدان یاخود توندوتیژییان بەرامبەر ئەنجامدەدرێت، بەڵام پاش ماوەیەک زۆربەیان بە هۆکاری جیاجیا داخران جا لەبەر هۆکاری بێلایەنی، نەبونی متمانە، نەبونی ستافی کارامە یاخود هەر هۆکارێکی تر بێت. لە ساڵی ٢٠٠٩ شێڵتەرەکان دوبارە لە شارەکانی هەرێمی کوردستان کرانەوە، بەڵام ئەمجارەیان لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە تایبەتی لە لایەن وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی سەرپەرشتیدەکرێن. بۆ ئەم مەبەستە ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٤)ی تایبەت بە ماڵی داڵدەدانی ئافرەتانی هەڕەشە لێکراو و ڕەشنوسی کارکردنی شێڵتەرەکان دەرکرا. خراپ مامەڵکردن لەگەڵ ئافرەت دەبێتە هۆی دروستبونی بزوتنەوەکانی تایبەت بە ئافرەتان و دەرکردنی یاسا بۆ پارێزگاریکردن

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٧، ژمارە ١ (٢٠٢٤)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ١ تشرینی یەکەم ٢٠٢٣؛ پەسەندکردن: ٢٢ تشرینی یەکەم ٢٠٢٣
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ١٧ حوزەیران ٢٠٢٤ بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەر: izaddin.rasool@su.edu.krd
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٤ عێزەدین عبدالصمد رسول، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.٠

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp186-198

لە قوربانیان و سزادانی تاوانباران (Myers, 2002). لەسەر ئاستی جیهانیش لەساڵی ١٩٧١ لە لەندەن_بەریتانیا بەتایبەتی لە Chiswick یەکەم شێڵتەری فریاکەوتنی ئافرەتان بە ناوی "فریاکەوتنی ئافرەتانی چیسویک لە"Women's Aid Chiswick" دامەزرا، ئەوەش یەکەم شێڵتەری فراوان بو، بۆ ئەو ئافرەتانەی توندوتیژییان بەرامبەر کراوە، یەکێک لە دامەزرێنەران بەناوی "Erin Pizzey"، کە ئامۆژگاری زیاتری لەسەر گرفتەکان لە ڕێگای خولی ڕاهێنان پێشکەشکرد، تەنانەت پەرتوکێکی بە ناونیشانی' "Scream Quietly or the Neighbors Will Hear" بڵاوکردەوە، هەروەها گەشتی بۆ هەموو شارەکانی شانشینی بەریتانیا کرد، بۆ ئەوەی بەخشینی کتێبەکەی و هۆشیارکردنەوەیان لە توندوتیژیی خێزانی (Ekal, 2014; Tierney, 1982; Van Eck, 2017 and Aureala, 2001).

ششتر (Schechter) (١٩٨٢) تێبینی کردووە، کە بەر لە دروستبونی بزوتنەوەکانی تایبەت بەو ئافرەتانەی توندوتیژییان بەرامبەرکراوە، هەندێک شێڵتەری لابەلا ببون بەماڵی قوربانییان بۆ ئەو کەسانەی کە لە ڕێگای خواردنەوەی کحولەوە توندوتیژی ئەنجامدەدەن. ئەو ئافرەتانەی دەگەڕێنەوە بۆ گروپی (AL-Anon) لە ساڵی ١٩٦٤ یەکەم شێڵتەریان دامەزراند تایبەت بەو ئافرەتانەی توندوتیژییان بەرامبەرکراوە، کە تایبەتکرابو بۆ ئەو توندوتیژیانەی لە ئەنجامی خواردنەوە کحولییەکان ئەنجامدەدرێت، هەرچەندە قوربانیانی ئەو ئافرەتانەی توندوتیژییان بەرامبەرکراوە، بەهەمان شێوە هەندێکجار پشکنینی پەناگەیان بۆ دەکرا (Aureala, 2001: 13). یەکەم شێڵتەری ئافرەتان بە ڕێکەوت (صدفە) بوو، نەک بە ئامانجی گەیشتن بە ڕاستییەکان. دوای ئەوەی " ٥٠٠" ئافرەت و منداڵ لەگەڵ مانگایەک چون بۆ شارۆچکەیەکی بەریتانیا نارەزاییان دەربڕی دەربارەی نەهێشتنی بەخۆڕایی شیری قوتابخانە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێککەوتی دامەزراندنی ڕون نەبو. ئافرەتان دەستیان بە کۆبونەوە و قسەکردن کرد دەربارەی کۆمەڵێک بابەت، کە پەیوەندییان بە ژیانیانەوە هەبو. لە ئەنجامی بەشداریکردن و نزیکبونەوەی دەنگەکانی ئەو ئافرەتانە هاتنە دەرەوە، کە دوچاری دڕندایەتی و تۆقاندن ببونەوە لەلایەن هاوسەرەکانیان و هاوبەشە پیاوەکانیان( Aureala, 2001:12).

بیرۆکەی Pizzey سەرەتا دروستکردنی سەنتەرێک بو، بۆ ئەوەی ئافرەتان کۆبونەوە کۆمەڵایەتییەکانی تێدا ئەنجامبدەن و چێژی لێوەربگرن. لە ساڵی یەکەم ئەو سەنتەرە بووە شوێنێک، کە ئافرەتان بە مەبەستی پاراستنیان لە توندوتیژی پەنای بۆ ببەن. ئەو چەمکە بەشێوەیەکی خێرا بڵاوبووەوە و لە ساڵی ١٩٧٠ شێڵتەرەکان لە هەریەکە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئوستراليا، هۆڵەندا و ئەلمانیا بڵاوبووەوە. بەهەمان شێوە یەکەم شێڵتەر لە نەمسا و سوسیرا دروستبو. لە ساڵی ١٩٨٠ شێڵتەری زیاتریش لە نەمسا و سویسرا و وڵاتانی تر دروستکران، لە دەیەی دورتریش شێڵتەری ئافرەتان لە ئەوروپای ڕۆژهەڵات و ئەمریکای لاتین بەدیارکەوتن. بەدیارکەوتنی بابەتی توندوتیژیی دژ بە ئافرەتان بووە زۆرترین بابەت لە خشتەی کاری ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان وەك نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجومەنی ئەوروپا. لە مانگی ١١ ساڵی ١٩٧٨ شێڵتەری ئافرەتان لە ڤیەننا کرایەوە، یەکەم شێڵتەری ئافرەتان لە تیرۆل لە ١٩٨١/١٢/١٦ کرایەوە ( Waibel,2013; Aureala, 2001 and Van Eck, 2017). لە ساڵی ١٩٧٤ لە گلاسکۆ، سکۆتلەند، کە خانویەکی ٣ ژوری فلات ببو بە شوێنی پشو، کە دانیشتوانی شێڵتەرەکە شوێنەکەیان بەرێوەدەبرد. لە هەمانکاتدا شێڵتەرێک لە دبلن و دو لە ئیدینبرە دروستکران. لە سێپتێمبەری ساڵی ١٩٧٤لە ئەمستردام، ٦ ئافرەتی سۆشیال وۆرکر پێیانوا بو، کە بە شێوەیەکی فەرمی وەک پێویست یارمەتی ئافرەتان نادرێت، بۆیە شوێنێکی پەنابەریان بۆ ئەو ئافرەتانەی توندوتیژییان بەرامبەرکرا بو کردەوە، کە بەئینگلیزی پێیان دەگوت "دورکەوە لە جەستەی منStay Away From my Body". پاشی ساڵێک شێڵتەرێکی تر لە زۆلی کراوە لە هۆڵەندا، هەمان چیرۆک لە زۆربەی وڵاتەکان دوبارە بووەوە:، ئافرەتان لە ئوستراليا، کەنەدا، بەرلین، کۆبنهاگن و پاریس توانیان شوێنێکی پارێزراو بۆ ئافرەتان و منداڵان دروستبکەن، بۆ ئەوەی مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت، کاتێک دەیانەوێت هاوبەشە توندوتیژەکەیان بە جێبهێڵن (Aureala, 2001: 13). لە ساڵی ١٩٧٢، یەکەم شێڵتەری ئافرەتانی تایبەت بە توندوتیژیی خێزانی لە تۆرنتۆ و ڤانکۆڤەری کەنەدا کراوە (Smyrski, 2013).

لە ساڵی ١٩٨٠ ژمارەی شێڵتەرەکان لە بەریتانیا زیاتر لە ١٥٠ شێڵتەر بو، کە لە لایەن فدراسیۆنی فریاکەوتنی ئافرەتان سپۆنسەری دەکرا، بە شێوەیەک سەرەکی خزمەتکردنی ئافرەتانی هەژار و چینی کارکەر و منداڵەکانیانی لەخۆدەگرت( Johnson, 1981)، هەروەها لە ١٩٧٣،یەکەم شێڵتەر لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەناوی Raibow Retreat لە Phoenix, Arizona بۆ ئەو ئافرەتانەی توندوتیژیان بەرامبەر دەکرێت کرایەوە، پاشان لە ١٩٧٤، Haven House لە Pasadena, California کرایەوە، کە لە بنەڕەتدا تەنیا تایبەتکرابو بۆ ئەو ئافرەتانەی بە هۆی هاوسەرە سەرخۆشەکانیانەوە توندوتیژییان بەرامبەر ئەنجامدەدرێت. ئەم دو شێڵتەرە پێشەنگ بون لەو کاتەی دەرگایان واڵا کرد بۆ ئەو ئافرەتانەی توندوتیژیان بەرامبەر ئەنجامدەدرێت. هەرچەندە لە سەرەتادا مەبەستی سەرەکی لە دروستکردنی شێڵتەرەکان بۆ سەلامەتی ئافرەتان بو، بەڵام دواتر پێشکەوتنی زیاتری بەخۆیەوە بینی. لۆسیکی Loseke (١٩٩٢) دەلێ: شێڵتەرەکان دو ئامانجی خزمەتگوزاری بنچینەییان هەیە، یەکەم: دابینکردنی سەلامەتی، دووەم: دابینکردنی ژینگەیەکی ئارام و دور لە توندوتیژی و دابینکردنی پاراستنی (پارێزگاریکردنی) خێرا و هەڵی گۆڕانکاری دور مەودا بۆ ژیان. لە ئێستادا شێڵتەرەکان کاری دابینکردنی چەندین خزمەتگوزاری جۆراوجۆر بۆ قوربانیانی توندوتیژیی خێزانی دەکەن، کە بریتیین لە خزمەتگوزاری ڕاوێژکاری، یارمەتیدانی یاسایی و پزیشکی، چینایەتی دایك و باوکایەتی، یارمەتیدان بە مەبەستی دۆزینەوەی کار، خانو، پەروەردە و دابینکردنی خێرا بۆ پێداویستییە سەرەکییەکان وەك خواردن و جل وبەرگ ( Clevenger and Roe-Sepowitz, 2009)، بەڵام لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە ئایا لە هەرێمی کوردستان شێڵتەرەکان هەمان خزمەتگوزاری پێشکەش دەکەن؟ یاخود ئەو شوێنە وەك هۆتێل وایە بۆ مانەوەی کاتی؟ لە شیکردنەوەی داتاکان وەڵامی ئەو پرسیارانە دەدەینەوە.

## ٢. ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە

لەم تەوەرەدا قۆناغەکانی پرۆسەی توێژینەوەکە کە بریتییە لە گرفت، گرنگی و ئامانجی توێژینەوەکە دەخەینەڕو:

**٢-١. پرسی توێژینەوەکە:** لە هەرێمی کوردستاندا، شێڵتەرەکان لە ساڵی ١٩٩٩ەوە لە لایەن ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و پارتە سیاسییەکان کرانەوە، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٩ لە لایەن وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی سەرپەرشتی دەکرێن. پرسیارە سەرەکییەکان لەم توێژینەوەیەدا ئەوەن ئایا کێشەی شێڵتەرەکان چیین لە ڕوانگەی ستافی بەرێوەبردنەوە؟ ڕێکخراوە ناحکومییەکان تاچەند لە چارەسەرکردنی گرفتەکانیان

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp186-198

هاوکاریيان کردون؟ ڕێژەی توندوتیژيی دژی ئافرەتان لە هەرێمی كوردستان لە چ ئاستێکدایە؟ باشترین ڕێگە بۆ یارمەتیدانی ئافرەتان لە کوردستان چییە؟ ئایا دامودەزگاکانی حکومەت وەک پۆلیس و لایەنە پەیوەندیدارەکان چ ڕۆڵێکیان لە کەمکردنەوەی توندوتیژيی دژی ئافرەتان هەبووە؟

**٢-٢. گرنگی توێژینەوەكە:** دەتوانین گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەم خاڵانەی خوارەوە بخەینەڕو:

ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ ئەوەی حکومەت لە یارمەتیدانی شێڵتەرەکان پێداچونەوە بە بەرنامەکانی بکاتەوە.

گرنگییەکی دیکەی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە، کە پێچەوانەی زۆربەی توێژینەوەکانە کە لە بواری شێڵتەر و توندوتیژی نوسراون، چونکە لە بری قوربانییەکان جەخت لە ستافی نێو شێڵتەرەکان دەکاتەوە، هەروەها ئەو گرفتانەی ڕوبەڕوی ستافەکان دەبێتەوە لە کاتی مامەڵەکردنیان لەگەڵ قوربانیان و دامودەزگا حکومی و ناحکومییەکان.

**٢-٣. ئامانجی توێژینەوەكە:** ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتیین لە:

١. زانینی کێشەکانی شێڵتەرەکان لە ڕوانگەی ستافی بەڕێوەبردنەوە لە هەرێمی کوردستان.

٢. زانینی ڕۆڵی دامودەزگا حکومییەکان لە مامەڵەکردن لەگەڵ شێڵتەرەکان.

٣. خستنەڕوی ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی ئافرەتان لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ قوربانیانی توندوتیژيی خێزانی.

## ٣. میتۆدی توێژینەوەكە

توێژینەوەی کۆمەڵایەتی پرۆسەیەکی ئاڵۆز و جۆراجۆر و لایەنی جیاواز لەخۆدەگرێت. شێوازی ئەنجامدانی توێژینەوە و ئامانج و گریمانە سەرەکییەکانی لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی تر دەگۆردرێت. میتۆدەکانی چەندایەتی و چۆنایەتی بەربڵاوترین میتۆدەکانن، کە توێژەرانی بواری زانستە کۆمەڵایەتییەکان پشتی پێ دەبەستن، گریمانەی ئەنتۆلۆجیا و جۆراوجۆری ئەبستمۆلۆجییەکان کە میتۆدەکان توێژینەوە پشتی پێ دەبەستن توێژینەوەکان ئاراستە دەکەن (سارانتاکوس، ٢٠١٧). توێژینەوە چۆنایەتییەکان بە گریمانەکان و جیهانبینییان دەست بە بەکارهێنانی تیۆری دەکەن، توێژینەوەی ئەو کێشانەی کە لە ڕونکردنەوەی ماناکانیدا لە لایەن تاکەکان و گروپەکانەوە دەدرێنە پاڵ کێشە کۆمەڵایەتییەکان ( Creswell, 2009). ئەو ئامرازانەی لە میتۆدی چۆنایەتییدا بەکاردەهێنرێن بریتیین لە چاوپێکەوتن، تێبینیکردن، بەشداریکردن و فۆکس گروپ (Neuman, 2014; and Blaikie, 2012). لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی چۆنایەتیمان بەکارهێناوە،. چاوپێکەوتنی نیمچەکراوە لەگەڵ هەمو کارمەندانی شێڵتەرەکان کراوە کە ژمارەیان (٢٨) کەس بوو لە هەولێر، دهۆک و سلێمانی بەمشێوەی هەولێر (٧) کەس، سلێمانی (١٨) کەس و دهۆک (٣) کەس لە ڕێککەوتی ٢٠٢٢/٦/٤ تا ٢٠٢٢/٨/٢٩ ئەنجامدراوە، هەروەک لەم خشتەیەی خوارەوە دەردەکەوێت (بۆ زانیاری تەنیا لە پارێزگای سلێمانی دو شێڵتەر هەیە: یەکێکیان سەر بە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتییە و ئەوی تریان سەر بە یەکێتی ژنانە)، بۆیە ژمارەی بەڕێوەبەرەکان لە خشتەکەدا (چوار)بەڕێوەبەرە.

خشتەی (١)

نمونەی توێژینەوەکە و پیشەیان دەخاتەڕو

| جۆری پیشە | ژمارە |
|---|---|
| بەڕێوەبەر | ٤ |
| توێژەری کۆمەڵایەتی | ١١ |
| توێژەری دەرونی | ٤ |
| یاسایی | ٢ |
| سەرۆکی پەرستار | ١ |
| چاودێر | ١ |
| کارمەندی کارگێری | ٥ |
| کۆی گشتی | ٢٨ |

**٣-١. ئیتیكی توێژینەوەكە:** ئەوەی داتای توێژینەوەی چۆنایەتی لە توێژینەوەکانی تر جیادەکاتەوە کۆدینگە، دابەشکردن و ڕیزبەندیکردنە. کۆدینگ دەتوانرێت لەم بوارانەی خوارەوە ئەنجامبدرێت: تێبینیکردن بە بەشداریکردن، چاوپێکەوتنی قووڵ، زانیاری کۆکردنەوە لەسەر ژیاننامەی کەسی، شیکردنەوەی ناوەڕۆک یاخود هەندێک فۆرمی تر لە توێژینەوەی چۆنایەتی (Bryman, 2004). هەروەک پێشوتر ئاماژەمانپێدا،لەم توێژینەوەیەدا ئامرازی چاوپێکەوتن بەکارهێنراوە، لەبەرئەوەی ئەندامانی بەشداربو هەمویان خوێندەواربون، بۆیە دوای سەردانی شێڵتەرەکان فۆرمەکەمان بە بەشداربوواندا، ئەوانیش وەڵامیانداوەتەوە. لەبەر لایەنی ئیتیکی توێژینەوەکە کۆد یاخود کورتکراوەی پیشەکەیان بۆ بەشداربووان لە بری ناویان یاخود جۆری پیشەیان بەکارهێنراوە، بۆ نمونە لە جیاتی بەڕێوەبەر تەنیا کۆدی "ب" دانراوە، لە بری توێژەری کۆمەڵایەتی کۆدی " ت ک" بەکارهێناوە، لە بری توێژەری دەرونی تەنیا " ت د" بەکارهێنراوە، لە جیاتی یاسایی کۆدی " ی" دانراوە، لە بری سەرۆکی پەرستار کۆدی " س پ" بەکارهێنراوە، لە بری چاودێر هێمای "چ" دانراوە و لە جیاتی کارمەندی کارگێری کۆدی " ک ک" دانراوە. کۆمەڵگەی توێژینەوەکەش بریتییە لە شێڵتەرەکانی هەولێر، دهۆک و سلێمانی.

## ٤. خستنەڕو و شیکردنەوەی پرسیارەکانی چاوپێکەوتن

لەم تەوەرەیەدا هەوڵدەدەین وەڵامی بەشداربووان سەبارەت بە کۆی ئەو پرسیارانەی ئاراستەیان کرابون دەربارەی گیروگرفتی شێڵتەرەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق بخەینەڕو، بەڵام پێویستە ئەو خاڵە ڕونبکەینەوە، کە وەڵامەکان تێکەڵ کراون، لەبەرئەوەی هەندێک لە وەڵامی پرسیارەکان دوبارە بون یاخود لە یەکتر نزیکبون، بۆیە لە خوارەوە وەڵامی پرسیارەکان و شیکردنەوەکان دەخەینەڕو.

### ٤-١. ڕێژەی توندوتیژيی دژی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان

سەبارەت بە وەڵامی ئەو پرسیارە زۆربەی بەشداربووان پێیانوابو، کە ڕێژەی توندوتیژيی دژی ئافرەتان لە ماوەی ڕابردو زیادیکردووە، بۆیە لە کۆی (٢٨) بەشداربو (٢٣: ٨٢.١٪)بەشداربووان بە(بەڵێ) وەڵامیانداوەتەوە، تەنیا (٥: ١٧.٩٪)بەشداربووان بە(نەخێر) وەڵامیانداوەتەوە. پێیانوابو ڕێژەی توندوتیژيی

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp186-198

دژی ئافرەتان زیادینەکردووە، هەروەها بە گوێرەی ئاماری وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی کەیسی شێڵتەرەکان ساڵ بە ساڵ ڕوی لە زیادبون کردووە، هەروەک لەم خشتەیەی خوارەوەدا خراوەتەڕو:

خشتەی (٢)

ئاماری کەیسەکانی شێڵتەر لە ساڵەکانی ٢٠١٤-٢٠١٧

| باری کۆمەڵایەتی | ٢٠١٤ | ٢٠١٥ | ٢٠١٦ | ٢٠١٧ |
|---|---|---|---|---|
| سەڵت | ٨٠ | ٨٥ | ٩٤ | ١٠٧ |
| دەستگیراندار | ٢ | ١ | ١ | ١٠ |
| خێزاندار | ١٠٩ | ١١٥ | ١١٠ | ١٣٢ |
| بێوەژن | ١٨ | ٢٨ | ٣٠ | ٤٣ |
| کۆی گشتی | ٢٠٩ | ٢٢٩ | ٢٣٥ | ٢٨٢ |

لەم خشتەیەی سەرەوەدا بە شێوەیەکی ڕون دیارە کەیسەکانی شێڵتەر ساڵ بە ساڵ ڕو لە زیادبونە. بە هەمان شێوە بەپێی ڕاپۆرتێکی (زێدپرێس) دەردەکەوێت، کە تۆمارکردنی سکاڵا لە نێوان ساڵانی ٢٠١٥ تا ٢٠٢١ لە لایەن ئافرەتانەوە بە شێوەیەکی بەرچاو زیادبووە، بەدیاریکراوی ٦٨ هەزار و ١٠٤ سکاڵای یاسایی لە لایەن ئافرەتانەوە و لە بنکەکانی پۆلیس و بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی تۆمارکراون. زۆرترین سکاڵاکان لە پارێزگای هەولێر بووە، کە (٢٧ هەزار و ٦٨٦) بە ڕێژەی (٤٠.٦٥٪)ی کۆی گشتی سکاڵا تۆمارکراوەکان، لە پلەی دووەمیشدا پارێزگای سلێمانی دێت، کە (٢٣ هەزار و ٩٣٧ سکاڵا) بە ڕێژەی ( ٣٥.١٦٪)ی کۆی گشتی سکاڵا تۆمارکراون پێکدێنێت، لە پارێزگای دهۆکیش (١٦ هەزار و ٤٨١ ) بە ڕێژەی ( ٢٤.١٩ ) بووە. کەواتە لە نێوان ساڵی ٢٠١٥ تا ٢٠٢١ سکاڵای یاسایی لە لایەن ئافرەتانەوە لە سەرجەم پارێزگاکان بۆ نزیکەی دو هێندە بەرزبۆتەوە (زێدپرێس، ٢٠٢٣).

## ٤-٢. هۆکارەکانی توندوتیژی

ئەم پرسیارە پەیوەندی بە پرسیاری پێشووەوە هەیە، کە (٢٣) بەشداربو بۆچونیان وا بوو، ڕێژەیەکی زۆر لە توندوتیژی دژ بە ئافرەتان هەیە، کۆمەڵێک هۆکار هەن، کە دەبنە هۆی ڕودانی توندوتیژی، کە بریتیین لە:

### یەکەم: هۆکاری کۆمەڵایەتی

لە هەرێمی کوردستاندا هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان یەکێکن لە هۆکارە سەرەکی و کاریگەرەکان کە زۆربەی لێتوێژراوان ئاماژەیانپێیدا، هەروەک بەشداربویەک گوتی **"داخراوی کۆمەڵگە، بەشێک لە داب و نەریتی کۆمەڵایەتی، پیاوسالاری، نەخوێندەواری، کرانەوەی کۆمەڵگەی کوردی بە ڕوی دونیا بە شێوەیەکی خێرا و بێ بەرنامە، خراپ بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیا و بە هەڵە تەفسیرکردنی ئایین"** (ت١). ئەمەش ڕۆڵی دەزگاکانی ڕاگەیاندنمان بۆ دەردەخات، کە لە کوردستان چ ڕۆڵێکی نەرێنی لە نیشاندانی قوربانیانی توندوتیژی دەبینن لە برِی دۆزینەوەی ڕێگەچارەی گونجاو و هۆشیارکرنەوەی خێزانەکان لە بارەی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ خێزان و منداڵەکانیان. بەهەمان شێوە بەشداربویەکی تر باوەڕی وابو، کە توندوتیژی دژی ئافرەتان دەگەڕێتەوە بۆ **"کێشەی کۆمەڵایەتی، کێشەی دەرونی، نزمی ئاستی خوێندەواری و جیاوازی بیرکردنەوەی نێوان هاوسەران"** (ك وك١).

### دووەم: هۆکاری یاسایی

بەشداربووان پێیانوابو **"ڕێککارە یاساییەکان وەک پێویست جێبەجێناکرێت"**( م١). بە هەمان شێوە لێتوێژراوێکی تر گوتی **"١-یاساکان وەکو خۆی ناچێتە بواری جێبەجێکردنەوە ٢-دادگاکان لاوازن و دادوەر قەناعەتی بە توندوتیژی ئافرەتان نییە"**(ی٢). لێرەدا بۆمان ڕوندەبێتەوە، کە لە هەرێمی کوردستاندا کێشەی نەبونی یاسایی نییە، بەڵکو گرفتی پراکتیزەکردنی یاسامان هەیە لە لایەن لایەنی بڕیاردەر و جێبەجێکارەوە، ئەمەش وا دەکات متمانە کەم بێتەوە تا ئەو ڕادەیەی گومان لە بونی یاساکان بکرێت. هەندێک لە ئافرەتان ئاماژەیان بۆ ئەوەکرد، کە ئەزمونیان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی یاسا سەرکەوتو نەبووە، لەبەرئەوەی زۆربەیان بڕیارەکانی دادگایان جێبەجێنەدەکرد، کە مەرجی دادەنا بۆ ئەوەی کەسی تاوانبار پەیوەندی نەبێت یاخود نەکاتە قوربانی. شێڵتەرەکان ناتوانن بۆ کاتێکی زۆر کەیسەکان بهێڵنەوە، ئامرازی گواستنەوە و شوێنی گونجاویان بۆ منداڵەکانیان نییە، ئەم هۆکارە دەرەکییانەش وا دەکەن کە قوربانیان لای هاوسەرەکانیان بمێننەوە، یان ئەو کەسانەی کە توندوتیژییان بەرامبەر کردون یاخود داوای هاوکاریکردن لە دەرەوە ئەمەش وا دەکات حاڵەتەکەیان بەرەو خراپتر بڕوات ( Myers,2002). ئەم ئەنجامە بۆ کەیسی شێڵتەرەکانی هەرێمی کوردستانیش گونجاوە، چونکە ئەوانیش گرفتی شوێنیان هەیە، (بۆ نمونە شێڵتەری هەولێر کە تائێستا باڵەخانەی تایبەت بەخۆی نییە)، بۆیە لە کەیسەکان و ئەو منداڵانەی لەگەڵ دایکیان لە خوێندن دادەبڕێن و شوێنی تایبەتیان نییە و ناشتوانن داوای هاوکاری لە دەرەوە بکەن.

هۆکارێکی تر ئەوەیە، کە پەیوەندی بە ژینگە و پەروەردەکردنی تاکی کوردەوە هەیە. بەمەش دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە تاک چۆن و بە چ شێوازێک پەروەردەبکرێت، کە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر پەروەردەکردنی منداڵەکانی دەبێت، ئەم بۆچونەش دەمان گەڕێنێتەوە بۆ تیۆری بازنەیی توندوتیژی. ئەو جۆرە تیۆرە پێیوایە توندوتیژی بە شێوەی بازنەیی دروستدەبێت.

توندوتیژی فێریدەبین واتە لە چوارچێوەی خێزاندا لاسایی و دوبارەی دەکەینەوە، پاشان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە دەگوازرێتەوە. ئەو منداڵانەی خۆیان وەک قوربانی توندوتیژی خێزانی دەناسێنن، یاخود توندوتیژی خێزانی لە ناو خێزان لەبەر چاویان ئەنجامدراوە، ئەوان گەورە دەبن لەناو جۆرە ژینگەیەکی پڕ ڕق و کینە و دوژمنایەتی، دەبنە لاسایکەرەوەی ئەو توندوتیژییە و هەمان توندوتیژی بەرامبەر بە منداڵ و هاوسەرەکانیان ئەنجامدەدەن، بە هەمان ڕێگە و شێواز کە خۆیان پێیدا تێپەڕیون یان بینیویانە. بەمشێوەیە ئەم تیۆرە بۆچونی وایە، کە توندوتیژی زنجیرەیەکی تێکهەڵکێش و پێکەوەبەستراون(الجبرین، ٢٠٠٥)، بۆیە ئەو منداڵانەی بە بەردەوامی توندوتیژی دەبینن توشی حاڵەتی ڕاڕایی، گۆشەگیری، لاوازی و کەمی ڕێزگرتنی خود دەبنەوە.

تایبەتمەندی ئەم ڕەفتارانە لای هەندێک منداڵ لە تەمەنی گەنجیش بەردەوام دەبێت. وەک ئەو گەنجانەی ئاستی لێبوردەیی و گۆڕانکاری لە ژیانی کەسی و پیشەییان کەمە، خێرا توڕەدەبن، زو بێهیوا دەبن، ئارەزویان هەیە کە ڕوداوە نەرێنییەکان بگوازنەوە ناخی خۆیان، ئەمەش لەوانەیە ببێتە هۆی خەمۆکی ( Myers,2002). بۆیە هەندێکیان لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر کەسایەتی و ژیانی ڕۆژانەیاندا دێت زیاتر نائومێد دەبن و گەڕانەوەیان بۆ ناو کۆمەڵگە ئاسان نابێت.

هەروەها، زۆرێک لە توێژەران دەستنیشانی بیرۆکەی تیۆری بازنەیی دەکەن، کە لەسەر بنەمای توندوتیژیی، توندوتیژیی بەرهەمدەهێنێت، جۆرێك لە هەڵوێست وەرگرتن بەرامبەر بەو دایك و باوکانەی لەکاتی منداڵیان ڕووبەڕووی توندوتیژیی بونەتەوە، ئەوا خۆشیان بونەتە نمونەیەکی مەترسیدار لەسەر منداڵەکانیان (الجبرین، ٢٠٠٥). بۆچونەکانی ئەم تیۆرە نزیکە لە تیۆری فێربونی بەندۆرە (Bandura) کە لەساڵی(١٩٧٧،١٩٧١)، کە گفتوگۆی ئەوەی کردووە، هەمو ڕەفتارێک مرۆڤەکان فێریدەبن بە ڕێگەی تێبینیکردن و چاولێکەری و مۆدێلینگ. منداڵان لە ڕێگەی تەماشاکردن و چاولێکەری دایکان و باوکان فێری توندوتیژیی دەبن، ئەمەش دەگوازرێتەوە بۆ نەوەکانی تر. ئەو جۆرە یان شێوازە توندوتیژییە ئاماژەدانە بە جۆرێك لە توندوتیژیی بازنەیی، کە لە ناو خێزان و کۆمەڵگادا خۆی دوبارەدەکاتەوە (Dodge et al., 1990; and WHO, 2007).

لەبەرئەوە ئەو جۆرە توندوتیژییە جۆرێك لە کاریگەریی دور مەودا لەسەر منداڵ بەجێدەهێڵێت و منداڵانیش هەمان مۆدێل لە توندوتیژیی دژ بەدایکیان، یان باوکیان، یان خوشك و براکانیان لە ژیانی ڕۆژانەیاندا بەکاردەهێنن. وەك دەرکەوتووە ئەو باوکانەی کە توندوتیژییان بەرامبەر بە هاوژینەکانیان و منداڵەکانیان بەکارهێناوە، زۆربەیان کاتی خۆی توندوتیژییان بەرامبەر ئەنجامدراوە، بۆیە (توندوتیژی و خراپ مامەڵەکردنی بازنەیی) پێیانوایە ئەمە باشترین میتۆدە بۆ پەروەردەکردن و ڕێکخستن و دیسپلن کردنی ئافرەت و منداڵەکانیان، هیچ جۆرە مۆدێل یان تیۆرێکی دیکە بە جێگرەوەی ئەو مۆدێلە لە شێوازی ڕەفتارکردن لەگەڵ خێزان و منداڵەکانیان دانانێن، بۆیە ئەمە پێی دەگوترێت (توندوتیژیی شێوازی بازنەیەیی). هەروەها پێشی دەگوترێت (توندوتیژیی نێوان نەوەکان و دوبارەبوونەوەی) intergradational violence (Samuels, 1986; Wu et al., 2004; Dixon, et al., 2005; Barnett et al., 2010; Bartlett, 2012)

**سێیەم: خودی ئافرەتان و ڕێکخراوەکان ئافرەتان**

بەشداربویەک پێیوابو **"زۆر کات توندوتیژیی ئەنجامدەدرێت هۆکارەکە ئافرەتەکە خۆیەتی، جاری واش هەیە توندوتیژیی بە شێوەیەکی هەرەمەکی دەکرێت"**( ت٢). هەروەها بەشداربویەکی تر ڕای وا بو **"کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و ڕێکخراوەکانی ئافرەتان هۆکاری سەرەکین بۆ زۆری توندوتیژیی خێزانی"**(ت٤). هۆکاری تریش بۆ زیادبونی ڕێژەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان دەگەڕێتەوە بۆ **"کەمی ڕۆشنبیری و هۆشیاری کۆمەڵگە، نەبونی زانیاری تەواو لە لایەن خودی ئافرەتان لەسەر ماف و ئازادییەکانیان و نەبونی پاڵپشتی تەواو بۆ ئافرەتان لە لایەن ڕێکخراوەکانی ئافرەتان بەو شێوەیەی کە باس دەکرێت و کارنەکردن بۆیان"**( ت٥).

لە لایەکی تر بیرو بۆچونی جیاواز هەبو، کە توندوتیژیی تەنیا دژ بە ئافرەتان ئەنجامنادرێت، **"توندوتیژیی تەنیا دژ بە ئافرەتان نییە، بەڵکو منداڵ و پیاویش ڕوبەڕوی توندوتیژیی دەبنەوە، بەڵام ڕێژەی توندوتیژیی دژ بە ئافرەت زیاترە و پیاو لە کۆمەڵگەی ئێمە نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی بتوانێت بە دبلۆماسییەت مامەڵە لەگەڵ خێزان بکات"** (د١).

سەبارەت بە حکومەت، بەشداربووان پێیانوابو، کە حکومەت هەوڵی چارەسەری جۆری توندوتیژییەکانی دژ بە ئافرەتانی داوە، بەڵام نەتوانراوە بنبڕکرێت، بەڵکو **"توندوتیژیی لە هەمو جێگایەک هەیە، بەڵام دام و دەزگا حکومییەکان هەوڵی چارەسەرکردن و کەمکردنەوەیان داوە و تاڕادەیەک بە ڕێژەیەکی بەرچاو کەمبۆتەوە"**( م٢).

## ٤-٣. ڕێگاکانی کەمکردنەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان

بۆ ئەم مەبەستەش بە پێویستمان زانی بۆچونی کارمەندانی شێلتەرەکانی هەرێمی کوردستان وەربگرین، لەبەرئەوەی ئەوان مامەڵەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ قوربانیانی توندوتیژیی خێزانی دەکەن. یەکێک لە بەشداربووان بۆچونی وابو، بۆئەوەی ڕێژەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان لە کوردستاندا کەمبکرێتەوە، پێویستە لەسەر لایەنی پەیوەندیدار ئەم خاڵانە جێبەجێ بکات: **"١-یاسا سەروەر بێت و دادگا ڕۆڵی خۆی ببینێت، ٢-هۆشیاری دەربارەی یەکسانی ئافرەت و پیاو لە ئەرک و مافدا، کە پێویستە لە پەروەردەوە دەستپێبکرێت، ٣-هۆشیارکردنەوەی پیاوان دواتر ئافرەتان و خێزانەکان ، ٤-نەهێشتنی نەخوێندەواری لە ناو کۆمەڵگەدا"(ت١). بەڵام بەشداربویەکی تر باوەڕی وا بو پێویستە: "١-ڕێککارە یاساییەکان توندتر بکرێت و ٢-ڕێکخراوەکان و مامۆستایانی ئاینی و ڕاگەیاندن ڕۆڵی کاریگەر لە هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە ببینن** "(ب١). لێرەدا گرنگە ئاماژە بە ڕۆڵی زانایانی ئاینی لە کەمکردنەوەی ڕێژەی توندوتیژی و گەڕاندنەوەی متمانە لە نێوان هاوسەران و پێدانی مافەکانیان بەیەکتر بکەین، بەداخەوە تا ئێستا تا ڕادەیەک نەتوانراوە ئەو ڕۆڵە بە شێوەیەکی دروست ببینن، کە لە خوارەوە ئاماژەپێدەکەین.

بەشداربویەکی تر هەمان ڕای ئەوانی تری هەیە، بەڵام بە شێوەیەکی جیاوازتر پێیوایە **"کردنەوەی سەنتەر بۆ هۆشیارکردنەوەی ئافرەت و پیاو و وۆرکشۆپ و خولی هۆشیاری و بەرنامەی تەلەفزیۆنی تایبەت بەو بابەتانەی کە پەیوەندی بە کەمکردنەوەی توندوتیژیی هەیە، جگە لەمەش یاسای تازە دەربکرێت سەبارەت بەو کەسانەی کە توندوتیژیی ئەنجامدەدەن و سزای قورسیان بەسەردا بسەپێنرێت"**(ت٣). بەهەمان شێوە **"فراوانکردنی هۆشیاری کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی ڕاگەیاندن و کۆنفرانس"**(ی١). خاڵێکی تر بۆ کەمکردنەوەی جۆری توندوتیژییەکان دژ بە ئافرەتان دەبێت ئاپین ڕۆڵی خۆی ببینێت کە**" حەق و ناحەق وەکو یەک سەیرنەکرێت و مافەکان بە هەڵە لە ئافرەتان نەگەیەنن و پەیڕەوی ئاینی ئیسلام بکرێت، بەمەش کاریگەری لەسەر کەمکردنەوەی ڕێژەی توندوتیژیی دەبێت، چونکە ئێمە لە کۆمەڵگەیەکی موسوڵمانین ناکرێت هەندێك شت هەیە پێچەوانە بێت"**( ت٥). هەروەها (ت ک ١) باوەڕی وا بوو پێویستە **"سەنتەرەکانی ڕاوێژکاری خێزانی زیادبکرێت".**

هەرچەندە، (د١) ڕای جیاوازی هەبوو **"دەبێت پیاو ڕێزی هاوسەرەکەی بگرێت و هەڵەی بچوک لەبەرچاو بگرێت، بۆئەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەت کەم بێتەوە"**. بەهەمان شێوە، لێتوێژراوێکی تر پێیوابو، پێویستە **"١-شەو درەنگ مانەوەی پیاوان لە کافتریاکان کەم بکرێتەوە، ٢-نەهێشتنی ماددەی کحول و هۆشبەر، ٣-تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ببێتە شوێنی هۆشیارکردنەوە نەک ڕابواردن، پیاوان هان بدەن لەسەر دەربڕینی سۆز و خۆشەویستی بۆ هاوسەرانیان"** (ت د ١). لێرەدا دەتوانین بڵێین پێویستە خێزانەکان هۆشیاربکرێنەوە لەسەر متمانەبون و تێگەیشتن لەگەڵ یەکتر، هەروەها بنبڕکردنی ماددەی هۆشبەر، چونکە لە ئێستادا لە هەرێمی کوردستان گرفتێکی سەرەکییە و چەندین کارەساتی لێکەوتۆتەوە، وەک لێکترازانی خێزان و ئەنجامدانی جۆرەها تاوان. گرفتی خوگرتن بە ماددەی هۆشبەر بە یەکێک لە چوار تەنگژە و پرسە جیهانییەکان دەژمێردرێت: (تەنگژەی لە ناوچونی ژینگە، تەنگژەی هەڕەشەی ئەتۆمی، تەنگژەی هەژاری و تەنگژەی ماددە هۆشبەرەکان). بازرگانیکردن بە ماددە هۆشبەرەکان، بۆتە سێیەمین

بازرگانی لە دوای "چەک" و "نەوت" (محمد، ٢٠١٠). بە پێی ئەنجامەکانی توێژینەوەی (باوزی، ٢٠٢٢) لە هەرێمی کوردستانیش بەکارهێنان و بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکان ساڵ بە ساڵ لە زیادبوندایە. بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر دەبێتە هۆی زیادبونی مەترسییەکانی لە ڕوی کۆمەڵایەتی، دەرونی، یاسایی و ئابوری لەسەر تاک، خێزان و کۆمەڵگە، هەروەها بۆتە هۆی لاوازبونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، لە دەستدانی توانای ئیشکردن و دەرکردن لە شوێنی کار، پشتگوێخستنی ئەرکە ئاینییەکان، دورکەوتنەوە لە پرۆسەی خوێندن، نەمانی سەرچاوەی داهات و لەدەستدانی متمانە و پشتگوێخستنیان لە لایەن ئەندامانی خێزان و کەوتنە سەر شەقام، هەروەها دەبێتە توشبون بە قەرزکردن، دزیکردن، بازرگانیپێکردن، هەڵوەشاندنەوەی خێزان و جیابونەوە و ڕەفتاری توندوتیژ و لادان، تاوان و سەرچاوەی تێکدانی ئاسایش و ئارامی کۆمەڵگە. جگە لەمە بەکارهێنەرانی ماددەی هۆشبەر توشی چەندین نەخۆشی دەرونی دەبنەوە وەک: (خەمۆکی، بێهیوایی، نائومێدی، دڵەڕاوکێ، ڕاڕایی، لە دەستدانی هەستی بێبەزەیی، ڕقلێبونەوە، تێکچونی کۆئەندامی دەمار و توشبون بە تێکچونی یادگە و لە بیرچونەوە، هەڵچون و لە دەستدانی کۆنترۆڵی ڕەفتار و کردارەکان، لەگەڵ ئەوەشدا فێربونی کەلتوری لێبوردەیی، لێکتێگەیشتن و تەنازول کردن لەسەر هەندێک شت لەگەڵ یەکتر و هەمیشە ئەوە بە بیر خۆیان بهێننەوە، کە هیچ کەسێک بێخەوش نیە و هەمو مرۆڤێک هەڵە دەکات، بۆیە پێویست بە سزادان و لێدانەوەی شریتی هەڵەی ڕابردو ناکات، بەڵکو پێویستی بە خود کۆنترۆڵکردن هەیە. هەبونی گرفتیش مانای شکست، سەرنەکەوتن و کۆتایی دونیا نییە.

پێویستە متمانە بدرێتە ئافرەت و خاوەن بڕیار و ڕای خۆی هەبێت **"خێزان و کۆمەڵگە مامەڵەیان لەگەڵ ئافرەت باش بێت، بەوەی ئافرەتیش مافی بڕیاردانی هەبێت لەسەر چارەنوس و ژیانی خۆی و بتوانێت وەک پیاو لە دەرەوەی ماڵ کاربکات و ئابوری سەربەخۆی خۆی هەبێت و چیتر لە لایەن باوک و برا و هاوسەرەوە خێریان پێ نەکرێت"**( د٢). بەڵام بە پێی کەلتوری وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان و بەتایبەتتریش وڵاتە موسوڵمانەکان زۆربەی ئافرەتان لە ماڵەوە کاردەکەن و چاودێری منداڵەکان و هاوسەریان دەکەن و کاروباری ناوماڵ ئەنجامدەدەن، هەروەها لە ڕوی ئابوریشەوە تا هاوسەرگیری دەکات پشت بە دایک و باوکی خۆی دەبەستێت، پاش هاوسەرگیریش لە ڕوی ئابورییەوە پشت بە هاوسەرەکەی دەبەستێت، واتە تەنیا شوێنی ئەرکەکەی دەگۆڕێت و وەک وڵاتە پێشکەوتووەکان نییە، کە هاوسەرگیری بریتی بێت لە دابەشکردنی کار لە نێوان دو کەسدا (Donovan, 1990; and Kok, 1988). هەرچەندە لە زۆربەی قۆناغەکان مێژوی مرۆڤایەتی ئافرەتان شان بەشانی پیاوان کاریانکردووە و هاوکاربون، بە تایبەتی دوای شۆڕشی پیشەسازی لەسەر ئاستی جیهان بە شێوەیەکی گشتی، لە هەرێمی کوردستان بە تایبەتی لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١، کە لەم ساڵانەی دوایدا گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە هەندێک لە ئافرەتان خاوەن کاری خۆیانن و خاوەن داهاتی خۆیانن، چ لە کەرتی حکومی یان کەرتی تایبەت کاریکەن. بەپێی ئاماری ژوری بازرگانی و پیشەسازی سلێمانی لە ساڵی ٢٠٢١ لە ئێستادا (٤٤١) خانم وەک خاوەنکار و بازرگان ناویان تۆمارکراوە( صالح، ٢٠٢٢).

لێتوێژەرێکی تر ڕای وایە پێویستە **"ڕێنمایی خەڵک بکرێت لە ڕێگەی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری خەڵک و کردنەوەی شێڵتەری زیاتر، دابینکردنی کەسانی شارەزا لەو بوارانەدا بۆ کردنەوەی چەند خولێك سەبارەت بەو بابەتە"**( ک ک ١). لێرەشدا دەبێت ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کە لە هەرێمی کوردستان تەنیا لە شارە گەورەکان شێڵتەر هەیە و ژمارەیان ٣ شێڵتەرە، بۆیە ئەگەر کەیسێکی توندوتیژی لە قەزایەک، شارۆچکەیەک، یاخود گوندێک هەبێت، ئەوا دەبێت بگوازرێتەوە بۆ شارەکان، زۆر جاریش گرفت بۆ کەیسەکە و خێزانەکانیان دروستدەکات، چونکە خێزانەکان وەک ناوزڕاندنێک سەیریدەکەن و لە هەندێک حاڵەتیشدا ئامادەنین بەدواداچون بۆ کێشەی منداڵەکانیان یان نەوەکانیان لە بنکەکاکانی پۆلیس بکەن. لە لایەکی تر نمونەیەکی تری توێژینەوەکە پێیوابو، بۆ کەمکرنەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان پێویست دەکات بە **"گرتنەبەری هەمو ڕێگاکانی هۆشیارکرنەوەی کۆمەڵگە، ٢-ئاشناکردنی ئافرەتان بە ئەرک و مافەکانی خۆی لە کۆمەڵگەدا،٣-هۆشیارکردنەوەی پەرەپێدانی دامەزراوە پەروەردەییەکان،٤-جێبەجێکردنی سزاکان بەسەر ئەنجامدەرانی توندوتیژی دژی ئافرەتان،٥-هەموارکردنەوەی یاساکانی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان، کە لەگەڵ بەرەوپێشچونی ژیاندا بگونجێت و٦-پابەندبون بە یاساکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام، چونکە کۆمەڵگەی ئێمە کۆمەڵگەیەکی ئاینییە"**(ت٩). هۆشیارکردنەوە بۆ هەمو تاکێک و خێزانێک و کۆمەڵگەیەک پێویستییەکی ڕۆژانەیە سەبارەت بە ئەرک و ماف و یاساکان و جێبەجێکردنی، سەبارەت بە بنەما ئاینییەکان و هۆشیارکردنەوەی تاک لە سزای لادان و پاداشتی جێبەجێکردنی بنەماکان.

### ٤-٤. ڕۆڵی پۆلیس لە کەمکردنەوەی ڕێژەی توندوتیژی دژی ئافرەتان

بەشداربووان ڕای جیاوازیان هەبو و پێیانوابو، کە پۆلیس پێویستە کاری خۆی لە جێبەجێکردنی یاسا و دەستگیرکردنی تاوانباران ئەنجامبدات، بۆیە زۆربەی لێتوێژەران تیشکیان خستە سەر ئەرکی پۆلیس و ڕایان وابو کە پێویستە " ئەو تاوانبارانە دەستگیر بکرێن کە توندوتیژی ئەنجامدەدەن و پاراستنی قوربانیانی توندوتیژی بەرامبەرکراو. بەرزکردنەوەی هۆشیاری ئەو توێژە لە ڕوی چۆنیەتی مامەڵەکردنیان لەگەڵ ئەو ئافرەتانەی کە توندوتیژییان لەگەڵ کراوە. لە لایەکی تر، داخستنی ئەو شوێنانەی کە ئافرەت وەک کاڵا کاریان تێدا دەکات و سزادانی ئەو پیاوانەی کە هۆکارن بۆ ئەمجۆرە مامەڵەیە لە گەڵیان". لێرەدا دەبێت ئاماژە بە چەند خاڵێک بکرێت، پێویستە پۆلیسەکان ئەرکی خۆیان و یاسا جێبەجێبکەن، هەروەها کارکردنی ئافرەتان لە کەرتی تایبەت، چونکە پێشتر دامەزراندنێکی بە لێشاو لە کەرتی گشتی هەبو، بە ڕادەیەک هەر قوتابییەک زانکۆ یان پەیمانگای تەواوکردبا ئەوا ڕاستەوخۆ دادەمەزرا، بەڵام دوای ڕاگرتنی دامەزراندن لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە، بە تایبەتی دوای ساڵی (٢٠١٣)، بە هۆی ئەو قەیرانە ئابورییەی هەرێمی کوردستانی گرتەوە، بۆیە تا ئاستەکانی تەمەن بەرزبێتەوە، ئەوا کرێکاری مێینە ڕێژەیان لە کەرتی تایبەت کەمدەبێتەوە ( Muhammed & Fatah, 2020)، لەبەرئەوەی لە ئێستادا داهاتی تاکە کەسێک بە تەنیا لە خێزاندا بەشی پڕکردنەوەی پێداویستییەکان ناکات، بەتایبەتی خێزانە تازە دروستبووەکان یان گەنجەکان (صالح، ٢٠٢٢)، ئەمەش وای لە گەنجان و دەرچوانی زانکۆ و پەیمانگاکان کردووە ڕو لە کەرتی تایبەت بکەن، کە بەشێکی زۆریان هیچ جۆرە گرەنتییەک و داهاتویەکی تێدا نییە، جاری وا هەیە لەناکاو خاوەن کار دەڵێت کارم

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp186-198

پێت نەما، یاخود لە کارەکەی دەری دەکا و بە هەر هۆکارێک بێت، هەروەها هەندێک لە ئافرەتەکان دەڵێن لە ماوەی کارکردنیاندا لە لایەن خاوەن کارەوە یاخود لە لایەن بەرپرسەکانیانەوە دەچەوسێنرێنەوە و (ئیستغلال) دەکرێن، ئەمەش وا دەکات خاوەن خێزانەکان متمانەیان بە کەرتی تایبەت نەبێت، (صالح، ٢٠٢٢) لە توێژینەوەکەیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات زۆربەی ئافرەتان لە کاتی دەوام ڕوبەڕوی گێچەڵی سێکسی دەبنەوە.

کارکردن و تۆرە کۆمەڵایەتییەکان  بە هەمان شێوە. لە ئەنجامی توێژینەوەی (اندرسون، ٢٠١٤) کە لە ئەمریکا ئەنجامدراوە، دەرکەوتووە ڕێژەی (٥٠٪)ی ئافرەتان و (١٥٪)ی پیاوان لە شوێنی کارەکانیان ڕوبەڕوی گێچەڵی سێکسی دەبنەوە، چ بەشێوەی زارەکی بێت یان جەستەیی، بەڵام تەنیا ڕێژەی (٥٪) سکاڵایان تۆمارکردووە، ئەمەش بۆ ترسی لە دەستدانی کارەکەیان دەگەڕێتەوە ، هەروەها ئەو ئافرەتانەی قوربانی گێچەڵی سێکسین کەمترین کات باسیدەکەن، ئەویش لەبەر هۆکاری شەرم و ترس لە کۆمەڵگە و کەسوکار. زۆرێک لە ئافرەتان و کچان ئەم ڕەفتارانەی بەرامبەریان دەکرێت، بە شێوەیەکی نهێنی دەیهێڵنەوە، بەتایبەتی لە وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان و خێڵەکی و کەلتورییەکان، کە بە هۆی ئابڕوچونی قوربانییەکە و خێزانەکانیان ناچاردەبن بێدەنگی هەڵبژێرن، چونکە زۆرجار بکەری کارەکە کەمترین سزای یاسایی دەدرێت و هەندێک جاریش بەبێ سزا دەربازی دەبێت، ئەم هۆکارانەش وا دەکات ئافرەتان شوێنی کارەکانیان بگۆڕن، یاخود واز لە کارەکانیان بهێنن، وەک چارەسەرێک بۆ ئەو پێشێلکارییانەی بەرامبەریان دەکرێت (صالح، ٢٠٢٢)، ئەم ئەنجامە بۆ کەیسەکانی هەرێمی کوردستانیش دروستە.

به هەمان شێوە، لە توێژینەوەیەکی تردا کە لە لایەن ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی ئەنجامدراوە، جەخت لەسەر بونی توندوتیژیی سێکسی و هەراسانکردنی سێکسی لەسەر کرێکاری بیانی بە تایبەتی ئافرەتان دەکەنەوە، بە جۆرێک کە لە توێژینەوەکەدا ئاماژە  بەوە دەکات، کە (٨٠٪)ی بە دەستدرێژی سێکسی لەسەر کار لە لایەن خاوەنکارەکانەوە ئەنجامدراون، بە تایبەتی لە ماڵ و هۆتێلەکان (صالح، ٢٠١٨). لەلایەکی ترەوە بە پێی ئەنجامی توێژینەوەی باتاسی (٢٠٢٣) ئەو کرێکارە بیانیانەی لە هەولێر کاردەکەن بەڕێژەی(٤٥,٩%) گرێبەستی کارکردنیان نییە. بەڕێژەی(٥٤%) کرێکارانی بیانی لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی بێبەشکراون، لە لایەن خاوەنکارەکانەوە، حکومەت بەگوێرەی پێویست بەدواداچون بۆ دەستەبەرکردنی ماف و سەلامەتی پیشەیی کرێکارانی بیانی ناکات، لە کاتی نەخۆشکەوتن و زامداربونی کرێکاران لە کاتی  کارکردن خاوەنکارەکان خەرجی چارەسەرەکانیان ناکەن. ئەو ئەنجامەی بۆ کرێکاری بیانی بە هەمان شێوە بۆ کرێکاری ناوخۆییش تا ڕادەیەک ڕاستە. کە گرێبەستی کارکردنیان نییە و لە کەرتی تایبەت گرنگیان پێنادرێت.

لەلایەکی تر، هەندێک شوێن وەک گازینۆ و هۆتێڵ و یانەی شەوانە و مەساجەکان ئافرەتەکان وەک کاڵا بەکاردەهێنن و لە تەک کارکردنیان بازرگانیان پێوە دەکەن، ئەگەر بەپێی بڕیارەکانی خاوەنکار نەجوڵێنەوە ئەوا دەردەکرێن بەبێ ئەوەی لایەنێک یان حکومەت بەرگریان لێ بکات، ئەمەش تەنیا لەگەڵ کرێکاری خۆماڵی ناکرێت، بەڵکو بە ڕێژەیەکی زۆر لەگەڵ کرێکارە بیانییەکانیش دەکرێت، وەک ئەو حاڵەتەی لە شاری هەولێر ڕویدا، کە لە یەکێک لە سەنتەرەکانی مەساج، (١٢) ئافرەتی فلیپینی تیایدا کاریاندەکرد، (٣) لەو ئافرەتانە سکاڵایان لە دژی خاوەن سەنتەرەکە لە دادگا تۆمارکرد، بەهۆی ئەوەی بۆ مەبەستی دیکە بەکاریانهێناون و پارەشیان لێ خواردون، وەکو چارەسەرێکی یاسایی بە بڕیاری دادگا سەنتەرەکە داخرا، بەڵام ئافرەتەکان لە داواکەیان پاشگەزبونەوە دوای ئەوەی بە بڕێک پارە لە لایەن خاوەن سەنتەرەکەوە قەرەبوکرانەوە، ئەمەش بەشێکە لە تاوانی بازرگانیکردن بە ئافرەتی کرێکاری بیانی، کە جگە لە کارکردنیان، هەندێک لە گازینۆکان و هۆتێلەکان بۆ مەبەستی ڕاکێشانی کڕیار بەکاریاندەهێنن (دەستەی سەربەخۆیی مافی مرۆڤ، ٢٠١٥).  ئەم هۆکارانەی سەرەوە پێمان دەڵێت، کە یاسا ڕۆڵی خۆی نابینێت و هەندێک گرفت یان تاوان بە شێوەی خێڵەکی یان لە ڕێگەی پارەوە چارەسەردەکرێن، ئەمەش وا دەکات گرفتەکان بەردەوامیان هەبێت و ڕێژەکە ڕو لە زیادبون بکات. بۆیە وایکردووە تاکی کوردی یان خێزانی کوردی لە هەرێمی کوردستان لە کەرتی گشتی چاوی لە دامەزراندن بێت، خۆی بێکار هەژمار بکات. بە بۆچونێکی تر ئەگەر کاریش بکات لە کەرتی تایبەت، ئەوا بە موچەیەکی زۆر ڕازی نابێت لە کەرتی تایبەت کاربکات، بەڵام بە موچەیەکی کەم ڕازییە لە کەرتی گشتی کاربکات، چونکە جێگای متمانەیە و ژیانی پیشەیی و کەسێتی پارێزراوە.

بەشداربویەکی تر بۆچونی وایە، کە پێویستە پۆلیس ئافرەتان **"بپارێزێت لەو هەڕەشانەی کە لێیان دەکرێت"**(ی١). به هەمان شێوە پێویستە پۆلیس ڕێز لە **" کێشەی ئافرەتەکە بگرێت، پشتگیریی نەکردنی پیاو کا تێک کە تۆمەتبارە و ڕۆڵی ئاشتەوایی زیاتر بدەن"** (ت٥). ئەم هۆکارەش دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی خێزانی کۆمەڵگەی کوردی، کە زۆربەی خێزان و تاکی کوردی لە بوارەکانی ژیان بە تایبەتی لە کاتی هەبونی گرفت پشتگیری ڕەگەزی نێر دەکات، هەرچەندە ئەگەر مافی ئافرەتەکەش بێت. لەلایەکی تر بەشداربویەکی تر بۆچونی وایە، کە کاری پۆلیس تەنیا **"زو بە هاناوەچونی حاڵەت و ڕوداوەکانە"**(ك ک ١). به هەمان شێوە پێویستە پۆلیس **"بە ڕێژەیەکی بەرچاو ڕێز لە ئافرەت بگرێت کاتێک کە توشی کێشەیەک دەبن و ڕو لە بنکەکانی پۆلیس و دادگاکان دەکەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان"**(ب٣). بەشداربویەکی تر بۆچونی وا بو **"کەمکردنەوەی سولحی عەشائیری"** (ت ک ١).

لێتوێژراوان ( د٤، چ١) پێیانوایە، کە ڕۆڵی پۆلیس ئەوەیە **"ئافرەتان ببەنە جێگایەکی ئارام، بۆ ئەوەی هیچ مەترسییەک لەسەر ژیانیان نەبێت "**. بەشداربویەکی تر بۆچونی وایە، کە پێویستە **"کێشەی ئافرەتان پۆلیسی ئافرەت بەڕێوەیبەرێت"**( س پ )، کە تاکو ئێستا ئەم داواکارییە بە شێوەیەکی ڕەها جێبەجێنەکراوە، هەرچەندە گۆڕانکاری لەم پرسانەدا کراوە، بەڵام لە ئاست داواکاری قوربانییان و ستافی شێڵتەرەکاندا نییە، بۆیە  لێتوێژەرێکی تر ڕایەکی جیاوازی هەیە و پێیوایە، کە پێویستە پۆلیس **"ڕۆڵێکی باش ببینێت لە کاتی کێشەی ئافرەتاندا، ئاسانکاری بۆیان بکات، بەڵام بەداخەوە زۆر کێشەی بچوک لە مەرکەزەکان گەورە دەکرێن و ئەنجامی زۆر خراپی لێدەکەوێتەوە"**(ت٤). ئەوەی تێبینیدەکەین چەند خاڵێکی گرنگە، کە پەیوەندی بە پۆلیسەوە هەیە، نمونەی توێژینەوەکە بەپێی ئەو شارەزاییانەی هەیانە جەختی لێ دەکەنەوە، وەک هەبونی پۆلیسی ئافرەت بۆ ئەو ئافرەتانەی توندوتیژییان بەرامبەر دەکرێت، ئەمەش تا ڕادەیەک بونی هەیە، تا ئەو ڕادەیەی دادوەری ئافرەتیش هەیە، بەڵام لەوانەیە لە ئاست چاوەڕوانی ئەوانەوە نەبێت. هەروەها شارەزایی پۆلیس لە کاروباری ئافرەتان، کە پێویستە ئەو پۆلیسانەی لەو بوارەدا کاردەکەن زیاتر شارەزایی پەیدا

بکەن، ئەمەش دەکرێت لە ڕێگای کردنەوەی خول و ڕاهێنان پێ کردنیان ئەنجامبدرێت.

## ٥-٤. ڕۆڵی حکومەت لە کەمکرنەوەی توندوتیژیی

بەر لەوەی باس لە ڕای لێتوێژەران بکەین، پێویستە ئاماژە بەو یاسا و ڕێنماییانە بکەین، کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دوای ڕاپەرینەوە دەریکردون یان هەمواری کردۆتەوە یان ڕێنمایی تایبەتی بە شێڵتەرەکان دەرکردووە، وەک: ڕێنمایی ژمارە (٢) ساڵی ٢٠١٤، ماڵی داڵدەدانی ژنانی هەڕەشەلێکراو، یاسای بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی خێزانی لە هەرێمی کوردستان – عێراق، یاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن لە هەرێمی کوردستان – عێراق و یاسای باری کەسی ژمارە (١٨٨)ی ساڵی ١٩٥٩ هەموارکراو.

ئەم یاسایانەی سەرەوە یەکێک لە هۆکارەکانی دەرچونیان ئەو گۆڕانکارییانە بو، کە لە کۆمەڵگەی کوردی لە دوای ڕاپەرین ڕویاندا. هەروەها ڕێکخراوە حکومی و ناحکومییەکانی ئافرەتان ڕۆڵیان لە دەرچون و هەموارکردنەوەی یاساکان هەبو، بەڵام هەمیشە پرسیار لەسەر ئەوە دەکرێت، ئایا یاسا دەرکردن و هەموارکردنەوەی بەسە بۆ ئەوەی بڵێین کێشەی ئافرەتان چارەسەرکراوە؟ ئایا تا چەند ئەو کەسانەی ئەو یاسانە دەردەکەن و لەو بوارەدا کاردەکەن و باوەڕیان بەو پرۆسەیە هەیە؟ ئایا ئەو ڕێکخراوانە وەک بزنس ئەو کارە ناکەن؟ بێگومان ئەو پرسیارانە و چەندین پرسیاری تر هەمیشە دەکرێن و وەڵامەکانیشیان تا ڕادەیەک بە لایەنی نەرێنی بووە، ئەمیش بۆ چەندین هۆکارێک دەگەڕێتەوە. یەکێک لە هۆکارەکان ئەوەیە تا ئێستا ڕێکخراوەکانی ئافرەتان نەیانتوانیوە متانە دروستبکەن، هۆکارێکی تر زیاتر گرنگی بە لایەنی تیۆری دەدەن نەک پراکتیکی.

ئەم یاسایانە ڕاستە لایەنی ئەرێنیان هەبو، بەڵام کۆمەڵێک لایەنی نەرێنیشیان هەبووە، بە تایبەتی بۆ کۆمەڵگەی کوردی کە بە کۆمەڵگەیەکی پارێزراو ناسراوە، بۆیە باشتر بو پێش ئەوەی ئەو یاسایانە دەرکرابان پێداویستییەکانی ئافرەتانیان دابینکردبا، وەک دۆزینەوەی هەلی کار و دابینکردنی موچە، هەروەها ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی ورد لەسەر ئاکامە خراپەکانی ئەو یاسایانە بکرابان ئینجا کۆمەڵگە دەربارەی گرنگی ئەم یاسایانە هۆشیارکرابووایەوە. لە ئاکامە خراپەکانی دەرچونی ئەو یاسایانە:

- یەکێک لە ئاکامە خراپەکانی ئەوەبو، لە ئەنجامی ڕێگەنەدان بە هێنانی ژنی دووەم بە شێوەیی یاسایی، ئەوا هەندێک لە پیاوان ژنی دووەمیان بە نهێنی هێنا، ئەوەش لە ڕاگەیاندنەکان باسیان لێ کرا و چیرۆک و کارەساتی کۆمەڵایەتی و خێزانی لێکەوتەوە و تا ئێستاش بەردەوامە.
- ڕێژەی ناپاکیی هاوسەری زیادیکرد، ئەوەش بە پێی ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتیی گشتی توندوتیژیی دژی ئافرەتان و خێزان، کە لە ساڵی ٢٠١٨، ١٣٢ حاڵەت هەبووە، بەڵام لە ساڵی ٢٠٢١ تەنیا لە شەش مانگی یەکەم ڕێژەکە زیادیکردووە بۆ ١٧٣ حاڵەت.
- ڕێژەی تەڵاق زیادیکرد، ئەمەش لە ئەنجامی ڕازینەبونی ژنی یەکەم و بەردەوامی گرفت لە نێوان هاوسەران، هەندێک لە پیاوان هەڕەشەی جیابونەوە لە ژنەکانیان دەکەن، ئەگەر هاتو ڕازی نەبن، ئەو حاڵەتەش هەیە، کە بووە بە هۆی جیابونەوە لە ئەنجامی سکاڵا تۆمارکردن لە لایەن ژنەکانەوە پیاوەکە پێش ئەوەی بگاتە دادگا یان هەر لە دادگا ژنەکەی خۆی تەڵاقداوە. حاڵەتیش هەیە تەنیا لە لای زانایانی ئاینی مارەدەکرێت و لە دادگا مارەناکرێت، ئەمەش تاکو ئەو گرفتانەی بۆ دروستنەبێت، کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێیدا و لە حاڵەتی کۆچکردنی یان تەڵاقدانی هیچ مافێکی یاسایی بۆ نابێت. چونکە خودی مەلاکان باوەڕیان بەو یاسایە نییە و بە ئاشکرا باسی ئەوە دەکەن، کە ژنی دووەم لە هەر کەسێک مارەدەکەن داوایان لێ بکات.

بەشداربووان ڕای جیاوازیان هەبو و پێیانوابو، کە پێویستە یاسا بە شێوەیەکی دروست و دادپەروەرانە پراکتیزە بکرێت و دادگاکان ڕۆڵی خۆیان ببینن لە کەمکردنەوەی توندوتیژی و گرنگیبیدرێت بە شێڵتەرەکان و سیستەمی پەروەردەیی، بۆئەوەی نەوەیەکی تەندروست و ناتوندوتیژ پەروەردەبکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە ڕای خۆیان دەربڕی:

دو لە بەشداربووان بڕوایان وابو، کە پێویستە حکومەت ئەم خاڵانە جێبەجێبکات **"١-گرنگیدان بە سیستەمی پەروەردە، دروستکردنی نەوەیەک کە بڕوای بەیەکەوە ژیان و ناتوندوتیژیی هەبێت. ٢- گرنگیدان و باشترکردنی ڕۆڵی شێڵتەرەکان، هەوڵدان بۆ کردنەوەی شێڵتەری زیاتر لە هەمو قەزاکاندا و دابینکردنی کەسانی پسپۆڕ لەو بابەتەدا و ٣-چارەسەرکردنی کێشەکان لە ڕێگەی دادگا"**( ت١، ک ک ١).

زۆربەی لێتوێژەران بۆ چونیان وابو، کە ئەرکی حکومەت بریتییە لە **"سزادانی ئەو کەسانەی توندوتیژیی بەرامبەر ئافرەت ئەنجامدەدەن، هەموارکردنەوەی یاسایی توندوتیژی و یاسایی سزادانی عێراقی، سزای توند دابنرێت بۆ ئەنجامدەرانی توندوتیژیی خێزانی... بودجەی سەربەخۆ تەرخانبکرێت، یاسا جێبەجێبکرێت، هۆشیارکردنەوەی تاک و خێزان و ڕاگەیاندن کۆنترۆڵ بکرێت".** یاسای توندوتژیی خێزانی، هەروەک لە سەرەوە باسمانکرد، یەکێکبو لەو یاسایانەی کە لە دوای ڕاپەرینەوە دەرکرا و کۆمەڵێک گۆڕانکاری لە ژیان و مافی ئافرەت لە هەرێمی کوردستان کرد.

هەرچەندە نمونەیەکی توێژینەوەکە بۆچونی وابو، کە پێویستە حکومەت کار بە شەریعەتی ئیسلام بکات وەک یاسایەک، بۆیە ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە **"کار بە یاسا شەرعییەکان بکرێت، ئەوانەی پەیوەندییان بە مافی ئافرەتانەوە هەیە، لەبەرئەوەی ئاینی پیرۆزی ئیسلام مافی هەردو لای (پیاو و ئافرەت)ی دیاریکردووە"**( ت٤).

بەشداربویەکی تر بڕوای وابو، کە پێویستە حکومەت گرنگیبیدات بە:**"١-بەرزکردنەوەی ڕێژەی ئافرەتان لە کایە سیاسییەکانی دەسەڵاتدا، ٢-بەرزڕاگرتنی ئەرک و مافەکانی ئافرەت لە کۆمەڵگادا و ٣- توندکردنی سزاکانی ئەنجامدەرانی توندوتیژیی دژ بە ئافرەتان"**( ت٩). بەهەمان شێوە لێتوێژەرێکی تر باوەڕی وابو، کە پێویستە حکومەت ڕۆڵی خۆی ببینێت بە **"کردنەوەی نوسینگە و کردنەوەی خول لە قوتابخانە و فەرمانگە و ئەو شوێنانەی کە ئافرەت لێی کاردەکەن، بۆ ئەوەی هۆشیاری کۆمەڵایەتی لە ناو خێزاندا پەیدابکەن"**( ب٤).

بەشداربویەکی تر باوەری وابو، پێویستە حکومەت **"تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و کەناڵە تەلەفزیۆنەکان سانسۆر بکات"** (ت ن١). هۆشیاکردنەوە خاڵێکی گرنگە، چونکە لە ڕێگەی هۆشیارکردنەوە تاکەکانی کۆمەڵگە ئەرک و مافیان دەزانن و شارەزایی یاساکان دەبن، کە بتوانن پارێزگاری لە خۆیان بکەن.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp186-198

## ٤-٦. ڕۆڵی زانایانی ئاینی لە کەمکردنەوەی ڕێژەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان

بەشداربووان بڕوایان وابو، کە پێویستە زانایانی ئاینی ڕۆڵی کاریگەریی خۆیان لە هۆشیارکردنەوەی خەڵکی ببینن، لە کرداری توندوتیژی و شیکردنەوەی دەقە ئاینییەکان، بۆیە بەشداربووان بەمشێوەیەی خوارەوە ڕای خۆیان خستەڕو:

زۆربەی لێتوێژەران بڕوایان وابو **"لەبەرئەوەی کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکی موسوڵمانە بێگومان زانایانی ئاینی ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لە ڕوبەڕوبونەوەی توندوتیژی لە ڕێگەی مینبەرەکانەوە بەوەی هەڵسوکەوتی توندوتیژی لە بەرچاوی خەڵک ناشیرین بکەن و دەقە ئاینییەکان بە شێوەیەکی گونجاو شیبکەنەوە. هەروەها هۆشیارکردنەوەی خەڵک دەربارەی ڕۆڵی ئافرەت لە ڕێگای وتار و کۆڕ و کۆبونەوە و بۆنە ئاینییەکان"**. کەواتە پێویستە دەقە ئاینییەکان بەشێوە دروستەکەی بۆ خەڵک ڕونبکرێتەوە، کە لە ژێر هەر ناو و هۆکارێک بێت پشتگیری توندوتیژی ناکات، ئەمەی خەڵک دەیکات بەروبومی پەروەردە، داب و نەریت و کۆمەڵگەکەیەتی، بۆیە پێویستە تاکەکانی کۆمەڵگە لە ڕێگای وتارە ئاینییەکانەوە بە شێوەیەکی بەردەوام هۆشیاربکرێنەوە. بەهەمان شێوە هەندێک لە بەشداربووان پێیانوابو، کە زانایانی ئاینی پێویستە لە **"وتاری هەینی و کۆڕە ئاینییەکان مافی ئافرەت و پیاو بە تەواوی بەپێی شەریعەتی ئیسلامی ڕونبکەنەوە، چونکە ئاینی ئیسلام مافی ئافرەت و پیاوی دیاریکردووە. پێویستە پیاوەکان وا تێبگەیەنن، کە خودای گەورە ڕێزی زۆری لە ئافرەت ناوە"**. چواری تر لە نمونەی توێژینەوەکە پێیانوابو، کە پێویستە زانایانی ئاینی گرنگیبدەن بە **"بڵاوکردنەوەی هۆشیاری ئاینی دەربارەی بەرزڕاگرتنی پێگەی ئافرەت لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام و، باسکردن و ڕونکردنەوەی سزا ئاینییەکان دەربارەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان، هەروەها نەهێشتنی کەلتوری توندوتیژیی لە ناو خێزان"**( ت٩،ک ک ٤،چ١، ب٣).

## ٤-٧. ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە کەمکردنەوەی ڕێژەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان

بەشداربووان پێیانوابو، کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە هەمو جۆرەکانیانەوە ڕۆڵێکی نەرێنی لە زیادبونی توندوتیژیی دژی ئافرەتان دەبینێت، بەهۆی ئەو فیلمانەی لەسەر شاشەی تیڤییەکان نمایشدەکرێت، ئەوەش کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر تاکی کورد هەبووە، بۆ ئەم مەبەستەش ڕای لێتوێژەران وەرگیرا سەبارەت بەم بابەتە و یەکێکیان بۆچونی وابو بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان پێویستە ڕاگەیاندنی کوردی کار لەسەر **"١-بلۆککردن یاخود کەمکردنەوەی فیلم و درامای دۆبلاژکراوی بیانی، کە بەشێک لە ئافرەتان چاولێکەری دەکەن و ٢-پێشکەشکردنی بەرنامەی پەروەردەیی خێزانی"**(ت١). لە لایەکی تر سێ لە بەشداربووان بۆچونیان وابو، کە ڕاگەیاندنەکان بە هەموو جۆرەکانییەوە کاربکەن لەسەر **"١-هۆشیارکردنەوەی خەڵك لە دەرئەنجامە خراپەکانی توندوتیژی. ٢-وەرگرتنی ڕای توێژەر و پسپۆڕانی بواری کۆمەڵایەتی و دەرونی لە چۆنیەتی کەمکردنەوەی توندوتیژی و شوێنەوارە خراپەکانی، ٣-وەرگرتنی ڕاو بۆچونی مامۆستایانی ئاینی و هۆشیارکردنەوەی خەڵک لە کەمکردنەوەی توندوتیژی و دانانی سانسۆر لەسەر چاڵاکی کچە مۆدێلەکان، کە شیرازەی خێزانیان تێکداوە"**( ب١، ب٤، ت٨).

زۆربەی لێتوێژەران ڕایان وابو، کە ڕاگەیاندنی کوردی پێویستە **"بەرنامەی زیاتریان هەبێت بۆ هۆشیاری پیاوان و بابەتی فیلم و زنجیرەکان لە توندوتیژی دور بێت و لە میدیاکانەوە هۆشیاری بە خەڵک بدەن، بۆئەوەی توندوتیژی کەمبکرێتەوە، هەروەها کاربکەن لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکان نەک تەنیا هەژمارکردنی کوشتن و کێشەی ئافرەتان "**. دو لە نمونەی توێژینەوەکە بڕوایان وابو، کە **"ڕاگەیاندن ڕۆڵی سەرەکی هەیە، بەوەی بە چاوی کاڵا سەیری ئافرەت نەکات و بۆ ڕێکلام بەکارینەهێنێت و ئەو درامایانە پەخش نەکات، کە باس لە کۆیلەیی و کەمی ئافرەت بەرامبەر پیاو دەکات، بەڵکو ئافرەت نیوەی کۆمەڵە تەواوکەری پیاوە لە کۆمەڵگەدا"**( د٢، د٣)، بەڵام بەشداربویەکی تر ڕایەکی جیاوازی هەبو و باوەڕی وابو، کە ڕاگەیاندنی کوردی تەنیا لە بۆنەکان کار لەسەر گرفتەکانی ئافرەتان دەکەن، بۆیە ڕای خۆی بەمشێوەیە خستەڕو **"لەگەڵ ڕێزم بۆ ڕاگەیاندن تەنیا لە هەفتەی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی باس لە توندوتیژیی دژی ئافرەتان دەکەن"( ت٢)، هەروەها بەشداربویەکی تر بۆچونی وابو، کە پێویستە کاربکرێت لەسەر "دانانی کەسی پسپۆڕ لە ڕاگەیاندنەکان بۆ گەیاندن و نەهێشتنی توندوتیژیی"**(ک ک ٤). بەشداربویەکی تر ڕایەکی جیاوازی هەیە و بۆچوونی وایە، کە ڕێکخراوەکان پێویستە گرنگیبدەن بە **"کردنەوەی شوێنی حەوانەوە بۆ ئەو ئافرەتانەی بێ لانەن و چارەسەرکردنی کێشەی ئافرەتان و بڵاوکردنەوەی ژمارەی تەلەفۆنی بێ بەرامبەر، تا هەر ئافرەتێک ڕوبەڕوی توندوتیژی بووەوە بتوانن پەیوەندییان پێوە بکەن"**(د٢). یەکێک لە کارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزراندنی هێڵی گەرم بو، بۆ ئەو کەسانەی گرفتیان هەبو یان توندوتیژیان بەرامبەر دەکرا، تا بتوانن داوای هاوکاری و بەهاناوە چونەوە بکەن و ژیانیان لە مردن یان هەرجۆرە هەڕەشەیەک بپارێزن کە بەرەنگاریدەبێتەوە، بۆیە ئەم خشتەیەی خوارەوە داتای کەیسەکانی هێڵی گەرم دەخاتەڕو.

خشتەی (٣) پەیوەندیکردنی ژمارەی کەیسەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکان لە ڕێگەی هێڵی گەرم (١١٩)/ ساڵی ٢٠٢٢

| بەڕێوەبەرایەتییەکان | هەولێر | دهۆک | سلێمانی | کۆی گشتی |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| ژمارەی کەیس | ٣٦٢٩ | ٢٦٠١ | ٤٠٧٥ | ١٠٣٠٥ |

سەرچاوە: بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژیی دژی خێزان

دوو بەشداربوی تر باوەڕیان وایە، کە پێویستە ڕێکخراوەکان ڕۆڵببینن بە **"یارمەتیدانی ئەو ئافرەتانەی کێشەیان هەیە، لە لایەنی ماددی و مەعنەوی و پەیوەندیکردن و سەرەدانیکردنی ئەو خێزانانە، هەروەها یارمەتیدانی ئافرەتان و پشتگیری کردنیان و ڕاکێشانی ئەو کەسانەی کە توندوتیژییان بەرامبەر دەکات بۆ دادگا و سزادانیان"**(د٣، ت٧).

دوو ستافی تر ئاماژەیان بۆ ئەوە کرد، کە پێویستە ڕێکخراوەکان **"بە شێوەیەکی باشتر ئیش بۆ ئافرەتان بکەن، نەک هەر کۆبونەوە و قسەکردن لە کێشەکان و کارەکانیان تەنیا خۆ دەرخستن نەبێت"**( ک ک ١، ک ک ٢). نزیک لەمە کارمەندێکی تر پێیوابو، ڕێکخراوەکانی ئافرەتان **"کاری باشیان هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش ئافرەتان دەوروژێنن، کە نازانن چی بکەن تەنیا ئازادیان دەوێت ناشزانن مانای ئازادی چییە؟"**(ت٨). بەشداربویەکی تر بۆچونی تاڕادەیەک جیاوازە و بڕوای وابو، کە **"زنجیرە و دراماکانی بیانی دانەبەزێنن، بەرنامەی بەسود پێشکەشبکەن، خۆی لە خۆیدا تەلەفزیۆنەکان هۆکارن بۆ زۆری توندوتیژیی دژی ئافرەتان، ئەگەر باشیان پێناکرێت با تەلەفزیۆنەکان دابخەن باشترە، چونکە ماڵی زۆری خێزانەکان بە هۆی ئەوەوە تێکچووە"**(ت٤).

سۆشیال میدیا و ڕاگەیاندن بەشێوەیەکی گشتی و تەلەفزیۆن بەتایبەتی، بەتایبەتیش دراما دۆبلاژکراوە بیانییەکان وەک: (فارسی، تورکی، کۆری و هندی) تا ڕادەیەکی زۆر کاریگەری نەرێنی لەسەر هەڵوەشاندنەوەی هەندێک لە خێزانی کوردی و بڵاوبونەوەی تاوان و جۆرەها گرفتی کۆمەڵایەتی هەبووە، کە پێشتر لە کۆمەڵگەی کوردی نەبووە یان ڕێژەکەی بەمشێوەیەی ئێستا زۆر نەبووە.

ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی کاریگەری لەسەر بەها، ڕەفتار و کەسایەتی گەنجان هەیە. عزیز (٢٠١٤) لە توێژینەوەکەیدا بە ناونیشانی (کاریگەریی دراما تەلەفزیۆنە دۆبلاژکراوە بیانییەکان لەسەر بەهای گەنجان)، دەرکەوتووە ئافرەتان بە بەراورد بە پیاوان زیاتر سەیری دراما دۆبلاژکراوە تورکییەکان دەکەن، بە ڕێژەی ٥١.٣٪ بەشداربووان پێیانوا بو، دراما دۆبلاژکراوە تورکییەکان کاریگەریی نەرێنی لەسەر بەهای خێزانیان هەبووە، هەر لەم توێژینەوەیەدا بە ڕێژەی (٢٧.٣٪) ڕایان وابو، کە ئەو دراما دۆبلاژکراوانە ڕێژەی تەڵاق لە هەرێمی کوردستان زیادکردووە، بە ڕێژەی (٢٥.٦٪) ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە، کە ئەو دراما دۆبلاژکراوانە هانی پەیوەندی سێکسی ناشەرعی دەدەن، ئەم ئەنجامەش هەمان ئەنجامی توێژینەوەی (شوانی، ٢٠٢٠ و مصطفى ، ٢٠١٧)، کە سۆشیال میدیا وەک فەیسبوک بۆتە ئامرازێک بۆ دروستکردنی پەیوەندی ناشەرعی (سێکسی). لە توێژینەوەیەکی تردا بە ناونیشانی (مەترسییەکانی ڕاگەیاندن لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی: تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبوک بە نمونە/ توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری هەولێر) گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە بەکارهێنانی فەیسبوک مەترسی لەسەر ئەو بابەتانە دروستکردووە، کە پەیوەندیییان بە ئاسایشی کۆمەڵایەتیی تاکەکانەوە هەیە، لە ڕوی کۆمەڵایەتییەوە فەیسبوک بۆتە هۆکارێک بۆ زیادبونی کێشە کۆمەڵایەتییەکانی وەک (تەڵاق، لادان و تاوان، لاوازکردنی بەها و پێوەر و دابونەریتەکانی کۆمەڵگە و کەمبونەوەی هاوکاری کۆمەڵایەتی و بەخشین)، لە ڕوی دەرونییەوە بۆتە هۆکارێك بۆ بڵاوبونەوەی ترس، دڵەڕاوکێ، دروستبونی گوشاری دەرونی، بێتاقەتی، بێزاری و نائارامی دەرونی، هەروەها بەکارهێنانی فەیسبوک و پەرەی فەرمی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک مەترسییان لەسەر کۆڵەگەکانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی دروستکردووە (شوانی، ٢٠٢٠).

### ٨- ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی ئافرەتان بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان

لەم تەوەرەدا بەشداربووان دوو ئاراستەی جیاوازیان دەربارەی ڕێکخراوەکانی ئافرەتان هەیە، هەندێکیان پێیانوایە، کە پێویستە ڕێکخراوەکانی ئافرەتان بەردەوام بن لەسەر ئەرکەکانیان و زیاتر کار لەسەر هۆشیارکردنەوەیان بکەن، بەڵام هەندێکی تریان بۆچونیان پێچەوانەبو و باوەڕیان وابو، کە ڕێکخراوەکانی ئافرەتان نەک کاری خۆیان نەکردووە، بەڵکو گرفتی ئافرەتانیان زیاتر کردووە، لە ڕێگەی ئەو هەڵانەی ئەنجامیدەدەن، بۆیە لە خوارەوە بیروڕای لێتوێژراوان دەخەینەڕوو:

زۆربەی لێتوێژەران بڕوایان وابو، کە ڕێکخراوەکان **"١-بەردەوام بن لە هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە لە ڕێگەی پۆستەرات و ڕاگەیاندن و کردنەوەی خول و پێشکەشکردنی سمینار، هەروەها ٢- فشار خستنەسەر حکومەت لە دەرکردن و پەیرەوکردنی یاسا و سەروەرکردنی دادگا"**.

لە توێژینەوەیەکدا کە (٣.٤١٠) ڕزگاربوی توندوتیژی لە (٢١٥) شێڵتەر لەخۆگرتبو، بە ڕێژەی (٩٢٪)ی ئەو ئافرەتانەی لە شێڵتەر بون ئاماژەیان بۆ ئەوەکرد، کە مانەوەیان لە شێڵتەر سودبەخشبووە (Sullivan,2012)، هەروەها شێڵتەرەکانی قوربانیانی توندوتیژیی خێزانی تایبەتن بە خزمەتگوزاری پاڵپشتیکردن، ئەمەش ڕێگەیان پێدەدات بۆ پاراستنی قوربانیان، دوبارە شیاندنەوە (تەئهیل کردنەوە)، دوبارە یەکگرتنەوە و کاریگەری دروستبکات بۆ یارمەتیدانی ئافرەتان، تا کۆتایی بە پەیوەندی خراپ بهێنن (OSCE, 2019). لە لایەکی تر شوانی( ٢٠٢٠)لە توێژینەوەکەیدا گەیشتووە بەو ئەنجامەی کە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە گشتی و سۆشیال میدیا و بە تایبەتی فەیسبوک بۆتە ئامرازێک بۆ ناشرینکردنی بواری یاسای و دادوەری لە هەرێمی کوردستان. لەلایەکی تر، دو بەشداربوی تر بۆچونیان دەربارەی ڕێکخراوەکانی ئافرەتان جیاواز بو، پێیانوابو **"ڕێکخراوەکانی ئافرەتان تەنیا قسەی زل دەکەن، هەروەها بە هەمان شێوەی ڕاگەیاندنەکان تەنیا ماڵی ئافرەتەکان وێراندەکەن و هیچیان پێناکرێت، تەنیا شتی خراپ نەبێت، بەس دەزانن قسەی گەورە گەورە بکەن و ڕێکخراوەکان زیاتر کێشە بۆ ئافرەتەکان دروستدەکەن"**( ت٢، ت٤). بە هەمان شێوە دو نمونەی تری توێژینەوەکە بڕوایان وابو، کە پێویستە لەسەر ڕێکخراوەکانی ئافرەتان **"ئامۆژگاری ئافرەتەکان بکەن بگەڕێنەوە ماڵیان نەک جیایانبکەنەوە"**( ی١، ت٦). بەشداربویەکی تر هەمان بۆ چونی نەرێنی ئەوانەی پێشوی هەیە و بڕوای وابو، کە ڕێکخراوەکانی ئافرەتان **"ئەسڵەن هیچ ڕۆڵیان نەبووە جگە لە بەرەو هەڵدێربردنی کچان و ئافرەتان، کەچی خۆشیان ئەوەی داوای دەکەن بۆ خەڵک بۆ خۆیان نیانە"**(ت٥). دو بەشداربوی تر باوەڕیان وابو، کە ڕێکخراوەکانی ئافرەتان کار لەسەر **"هۆشیارکردنەوەی ئافرەتان لەسەر ئەرک و مافەکانیان بە شێوەیەک نەک ماف و ئەرکەکانیان سنور تێپەڕێنێت بۆ سەر ئازادییەکانی بەرامبەر، کارکردنی جدیانەتر لەسەر ئافرەتان و کێشەکانیان، نەک بەم جۆرەی ئێستا و ڕابردو کە کردویانە. هەروەها ڕێکخراوەکانی ئافرەتان پێویستە هانی ئافرەت بدەن، کە ئاستی خۆیان بزانن، بەڵام لەگەڵ ئەوەش هەر دەڵێن ئافرەت ئازادە نابێ ئەو ئازادییە بە هەڵە وەربگرن ئەوان "**( ت٦، د١). بەهەمان شێوە، لێتوێژراوێکی تر، باوەڕی وابو **"زۆر جار ڕێکخراوەکان دەبنە سەرچاوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان بە هۆی ناپسپۆڕی، یان نەزانینیان لە دروستکردنی ئاشتەوای لە نێوان خێزان"** (ت ک١).

> ئەم بۆ چونانەی نزیکە لە ئەنجامی توێژینەوەی ئۆقیانۆسێک لە تاوان، یەکێک لە کەیسەکانی باسی گرفتی خۆی دەکات، کە لە ماڵ ڕایکردووە دوای ئەوەی چەندین جار توندوتیژیی جەستەییان بەرامبەر بەکارهێناوە و هەڕەشەی لەسەر بووە ڕوی لە یەکێک لە ڕێکخراوەکانی ئافرەتان کردووە، دوای ئەوەی باسی گرفتەکەی خۆی بۆ کردون گوتیان بۆت چارەسەردەکەین، بەڵام نازانین لە کوێ بتخەوێنین... کە شتیان لەمن دەپرسی جاری خەمی خۆیان بو، ئەیان وت "ئێوە ئەوە مێردەکەی منیش بیرم کەوتەوە فڵان شت"... یەکێکی لێ بو، زو زو ئەی وت: "بەسە توخوا وسبە زۆر بێلەزەتی"... بێلەزەتی چی من تێمهەڵدراوە باسی مێردەکەم ئەکەم ئەو لە بری بۆم چارەسەرکات! ئاخر چۆن بڕوام بە سەنتەر و ژن و من هەیە ... هەمووتان درۆ دەکەن..)(سەرپاچ، ٢٠١٩).

## ٥. ئەنجام، پێشنیاز و ڕاسپاردە

### ٥-١. ئەنجام

بەپێی داتا مەیدانییەکانی توێژینەوە ئافرەتان بۆ پارێزگاری ژیانی خۆیان لەو هەڕەشانەی دەکرێتە سەریان، یان ڕزگاربون لەو گرفتە کۆمەڵایەتی، دەرونی، یاسایی، ئابوری و خودییەی بەرەنگارییاندەبێتەوە هانا بۆ شێڵتەرەکان دەبەن. لە

ڕوی کۆمەڵایەتییەوە بەشداربووان ڕایان وا بو، کە تاکو ئێستا لێکتێنەگەیشتن و داب و نەریتی کوردی هۆکاری سەرەکییە، بۆ ئەوەی ئافرەتان توندوتیژییان بەرامبەر بکرێت و هانا بۆ شێلتەرەکان ببەن. هەروەها کەمی ڕۆشنبیری تاک و ناهۆشیاری کۆمەڵگە لەسەر یەکتر و قبوڵکردن و لێبوردەیی و کەلتوری بەیەکەوە ژیان و دور لە توندوتیژی، هەروەها ئافرەت خۆی هەندێکجار هۆکاری گرفتەکەی خۆیەتی، بە هۆی ئەو هەڵسوکەوتانەی ئەنجامیاندەدا. نەبونی زانیاری تەواو لە لایەن خودی ئافرەتان لەسەر ماف و ئازادییەکانیان و نەبونی پاڵپشتی تەواو بۆ ئافرەتان لە لایەن ڕێکخراوەکانی ئافرەتان بەو شێوەیەی کە باس دەکرێت و کارنەکردن بۆیان. هەروەک لەم توێژینەوەدا خرایەڕو بەداخەوە ڕێکخراوەکانی ئافرەتان تا ئێستا نەیانتوانیوە بە شێوەیەکی ئەرێنی کارەکانی خۆیان بکەن و ڕەنگدانەوەیان لە کۆمەڵگە هەبێت، کە تاکەکان و کۆمەڵگە متمانەیان پێ بکەن، بەڵکو لە هەندێک حاڵەتدا ئەم ڕێکخراوانە بۆ کاری خۆیان گرفتەکان ئاڵۆزتردەکەن و وا دەکەن هەندێک لە خێزانەکان حاشا لە منداڵەکانیان بکەن.

ئەنجامێکی تر، پراکتیزەنەکردنی یاسایە، کە بەشداربووان وایدەبینن ئافرەتان لە خێزان و کۆمەڵگە هەست بە ئارامی ناکەن، لە ئەنجامی ترس و چارەسەرنەکردنی گرفتەکانیان هانا بۆ شێلتەر دەبەن، چونکە لە هەرێمی کوردستاندا ڕاستە یاسای بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی و چەندین یاسای ترمان هەیە(کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێیدا)، کە وا دەکات تاک و خێزانەکان پارێزراو بن، بەڵام گرفتی پراکتیزەکردنی ئەو یاسایانەمان هەیە، لەبەرئەوەی تا ئێستا لە هەرێمی کوردستان پەنا بۆ چارەسەری کۆمەڵایەتی دەبەن، نەک پراکتیزەکردنی یاسا بۆ گەیشتن بە مافەکانیان. کەواتە لە هەندێک دۆخدا داب و نەریت دەبێتە ڕێگر لە بەردەم جێبەجێکردنی یاسادا. بە ڕویەکی تر لە هەندێک حاڵەتدا داب و نەریت دەبێتە ڕێگر لە بەردەم پابەندبون بە یاسا و پەیڕەوکردنی، ئەمەش هێزی پابەندبونی داب و نەریتەکان بەسەر تاکەکانەوە دەردەخات، لەگەڵ ئەوەی کوشتنی ئافرەت بە بیانوی ناموس بە یاسا قەدەغەکراوە، بەڵام بە هۆی باڵادەستی و زاڵی داب و نەریتەکان، پابەندبون بەو یاسایە تا ڕادەیەکی زۆر پراکتیزە نەکراوە، چونکە تا ئێستاش کوشتن لەسەر ناموس هەر ماوە. زۆربەی کێشەکانی وەک کوشتن، شەرکردن، ژن هەڵگرتن، قەرزداری، میرات، کێشە لەسەر زەوی و زار و کێشەی نێوان ژن و مێرد لە ڕێگەی نێوانگیری خێڵەکییەوە چارەسەردەکرێن(طاهر، ٢٠١٧).

کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، سۆشیال میدیا و تەکنۆلۆژیا هۆکاری ترن بۆ زیادبونی توندوتیژیی خێزانی و زیادبونی کێشەکانی ئافرەتان. چونکە بەشێک لە ئافرەتان چاو لە چیرۆکەکانی فیلمەکان و دراما دۆبلاژکراوەکان دەکەن، کە هەندێکیان لە لایەن داب و نەریتی کۆمەڵگەی کوردی قبوڵکراو نییە. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەرییان لە گۆڕانکاری بەهاکان هەبووە. ئاڵودەبون بە تۆڕەکان وا دەکات کەسی بەکارهێنەر گۆشەگیر بێ و دەستبەرداری ئەرکە خێزانی و کۆمەڵایەتی و وەزیفیەکانی ببێت، لە جیهانێکی دروستکراوی گریمانەیی دور لە واقیع بژی. یەکێک لە نەرێترین کاریگەرییەکانی تەکنۆلۆژیا زیاد بەکارهێنانیەتی، کە بەرەو گۆشەگیری و دورکەوتنەوە دەروات. بە گشتی پەیوەندییە فیزیکییەکان لەگەڵ کەسانی دیکە کەمبۆتەوە و زۆربەی بەرکەوتەکان لەگەڵ کەسانی ناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە (عزیز، ٢٠٢٢).

هەروەها خودی ئافرەتان و ڕێکخراوەکانی ئافرەتان هۆکارن، چونکە لە لایەک ئافرەتان سنوری داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان دەبەزێنن. ئەم ئەنجامەش پشتگیری لە ئەنجامی توێژینەوەی (Newman,1990) دەکات، کە ئاماژەی بۆ ئەوە کردبوو ئەو ئافرەتانەی توندوتیژیان بەرامبەر کراوە لۆمەی خۆیان دەکرد بۆ هەبونی پەیوەندی خراپ. لە لایەکی تر، ڕێکخراوەکانی ئافرەتان نەیانتوانیووە متمانەی ئافرەتان و کۆمەڵگە بەدەستبهێنن، ئەوەی دەیکەن تا ڕادەیەکی زۆر بۆ بەرژەوەندی خۆیانە و ئافرەتان وەک کەیس بەکاردەهێنن، نەک گرفتیان بۆ چارەسەربکەن. بە هەمان شێوە،مامۆستایانی ئایینی نەیانتوانیوە هۆشیاری ئایینی بە پێی پێویست بڵاوبکەنەوە و دەقە ئایینییەکان بە شێوە دروستەکەی بۆ خەڵک شیبکەنەوە، بەڵکو باوەڕیان بە هەندێک لەو یاسایانە نییە کە حکومەت کاری پێ دەکات، بۆ نمونە یاسای سنوردارکردنی فرەژنی.

## ٢-٥. پێشنیازەکان

ئەم توێژینەوەیە خۆی لە چەند پێشنیازێکدا دەبینێتەوە وەک:

١-دابینکردنی بینایەکی گونجاو بۆ شێلتەر، کە شوێنی ڕاهێنان و گەڕانەوەی تاکەکان بێت بۆ ناو کۆمەڵگە.

٢-پراکتیزەکردنی یاسا و سزادانی تاوانباران.

٣-گرنگیدان بە سیستەمی پەروەردە و هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە بەرامبەر بە ئاکامەکانی توندتیژیی خێزانی.

٤- هۆشیارکردنەوەی ئافرەتان بە ئەرک و مافەکانیان لە کۆمەڵگەدا.

٥-هاندانی وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئایینی بۆ کردنەوەی خول بۆ مامۆستایانی ئایینی، بەمەبەستی شیکردنەوەی دەقە ئایینییەکان بە شێوە دروستەکەی.

٦-هەوڵدان بۆ کردنەوەی شێلتەری زیاتر لە هەموو قەزا و ناحیەکاندا و دابینکردنی کەسانی پسپۆڕ لەو بوارەدا، هەروەها چارەسەرکردنی کێشەکانیان لە ڕێگەی دادگا.

٧-قەدەغەکردنی هەمو جۆرەکانی توندوتیژییەک لە ڕاگەیاندنەکان و سۆشیال میدیا، لەگەڵ قەدەغەکردنی ئەو فیلمانەی کە دژ یان نامۆن بە کەلتوری کوردی.

٨-زیادکردنی سەنتەرەکانی ڕاوێژکاری خێزانی لە شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان.

**٣-٥. راسپاردەکان:** ئەنجامدانی توێژینەوەی تر دەربارەی ڕۆڵی ڕاگەیاندنەکان لە زیادبونی ڕێژەکانی توندوتیژیی ئافرەتان.

توێژینەوەی تر لەسەر گیروگرفتەکانی گەڕانەوەی کەیسەکانی شێلتەر بۆ ناو کۆمەڵگە ئەنجامبدرێت.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp186-198

## سەرچاوەکان

با

باتاسی، کامران عبداللە مصطفى (٢٠٢٣) ڕەوشی ژیانی کرێکارە بیانییەکان: توێژینەوەیەکی مەیدانییە لەشاری هەولێر. زانکۆی سەلاحەدین/ هەولێر: نامەی ماستەر بڵاونەکراوە.

رێبین کاکەمم عمر (٢٠٢٢) شوێنەوارە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانی زیادبوونی بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان: توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە پارێزگای هەولێر. زانکۆی سەلاحەدین/ هەولێر: نامەی ماستەر بڵاونەکراوە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان (٢٠١٥) دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ.

زێدپرێس (٢٠٢٣) هەر سێ ڕۆژ جارێک ژنێک لە کوردستان دەکوژرێت یان خۆی دەکوژێت. https://zedpress.krd/social/2123/?fbclid=IwAR0ofBec3KM7RRGVwj-OrlyHv_03_qXcDef7u1PWII3mhgTHaiKtx4kmhg0 رێکەوتی داونلۆدکردن (٢٠٢٣/٨/٧).

سەرپاچ، خەندان محەمەد جەزا(٢٠١٩) ئۆڤیاتۆسێک لە تاوان، توێژینەوەیەکی کۆمەڵایەتیە سەبارەت بە دیاردەی لەشفرۆشی و بازرگانی بە جەستەی ڕەگەزی مێینەوە لە کۆمەڵگەی کوردستاندا. چاپی سێیەم. سلێمانی: چاپخانەی چوارچرا.

شوانی، هێمن ئەمین جەلال (٢٠٢٠) مەترسییەکانی ڕاگەیاندن لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی: تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بە نموونە/ توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری هەولێر. زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر: نامەی ماستەری بلاونەکراوە.

صالح، سەنگەر یوسف (٢٠١٨) پەیداکردنی نان لەودیو سنور: ڕەوشی کرێکارانی بیانی لە هەرێمی کوردستان. پەیداکردنی-نان-لەودیو-سنور.pdf {رێکەوتی داونلۆدکردن: ٢٠٢١/٧/٢٢}

صالح، ئاڤان فؤاد فتی (٢٠٢٢/٦/٢٦) ئاستەنگە کۆمەڵایەتییەکانی پێش ژنانی خاوەن کار: توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری سلێمانی. زانکۆی سلێمانی: نامەی ماستەری بڵاونەکراوە.

طاهر، فەرمان فارس (٢٠١٧) کاریگەری داب و نەریت لەسەر پەیڕەوکردنی یاسا: توێژینەوەیەکی چۆنایەتییە بۆ نموونەیەک لە شارەزایانی یاسا و کەسایەتییە کۆمەڵایەتییەکان لە شاری هەولێر. زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر: نامەی ماستەری بڵاونەکراوە.

عزیز، تریفە صابر (٢٠٢٢) کاریگەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر گۆڕانی بەهاکان- توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە زانکۆی سەلاحەددین. زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر: نامەی ماستەری بڵاونەکراوە.

عزیز، فاضل صحبت (٢٠١٤) تأثير المسلسلات التلفزيونية الأجنبية المدبلجة على قيم الشباب: دراسة ميدانية لتأثير المسلسلات التركية على الشباب في مدينة السليمانية. رسالة ماجستير غير منشورة. مصر: جامعة الدول العربية.

محمد، فائز ابراهیم (٢٠١٠) هۆکارە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانی تووشبوون بە ماددە هۆشبەرەکان: لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانییە لەسەر خووگرتووەکانی شاری هەولێر. زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر: نامەی ماستەری بڵاونەکراوە.

مصطفى، روستم صابر (٢٠١٧)کاریگەری فەیسبووک لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لای قوتابیانی زانکۆی سەلاحەدین/هەولێر. زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر: نامەی ماستەری بڵاونەکراوە.

ملا، فاطمە مراد (٢٠١٥) گۆڕانی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی بە پێگەی ژن لەخێزانی کوردیدا: توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری هەولێر. زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر: نامەی ماستەری بڵاونەکراوە.

هەرێمی کوردستانی -عێراق، ئەنجوومەنی وەزیران، وەزارەتی داد (٢٠١١) یاسای ژمارە.٨ ساڵی ٢٠١١. ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان، ژمارە ١٣٢:٦-٧.

هەرێمی کوردستانی -عێراق، ئەنجوومەنی وەزیران، وەزارەتی داد، یاسای ژمارە ٣٥ (٢٠٠٨)، ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان، ژمارە ٩١.

هەرێمی کوردستانی -عێراق، ئەنجوومەنی وەزیران، وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، ڕێنمایی ژمارە (٢) ساڵی ٢٠١٤، ماڵی دالدەدانی ژنانی هەرەشەلێکراو.

هەرێمی کوردستانی -عێراق، ئەنجوومەنی وەزیران، وەزارەتی ناوخۆ/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان (٢٠٢٢)

والتەرز، مارگرێت ( ٢٠٢١) فێمینیزم: پێشەکییەکی زۆر کورت. وەرگێرانی: زامۆ عەلی عومەر. سلێمانی: دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان.

یاسای ژمارە.٨ ساڵی ٢٠١١. ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان، ژمارە ١٣٢:٦-٧.

الخفاف، عبد علي (٢٠١٨) علم الجندر "النوع الاجتماعي". بيروت: دار الفارابي.

سارانتاكوس، سوتيريوس (٢٠١٧) البحث الاجتماعي، ترجمة: شحدة فارع. الدوحة: المركز العربي للأبحاث ودراسة السياسات.

الجبرين، جبرين علي (٢٠٠٥) العنف الأسري خلال مراحل الحياة. الرياض: مؤسسة الملك خالد الخيرية.

Aureala, Willow (2001) Battered Women in Shelters: A Comparative Analysis of the Expectations and Experiences of African American, Mexican American and Non-Hispanic White Women. The University of Texas: Unpublished PhD Thesis.

Babbie, E.R. (2020) The practice of social research. Cengage learning.

Bandura A (1971) Social Learning Theory. General Learning press:1–45. Available at: http://www.asecib.ase.ro/mps/Bandura_SocialLearningTheory.pdf [Accessed: 10 April 2020]

Bandura A (1977) Social Learning Theory. *The* Journal of communication. 28: 12–29. doi: 10.1111/j.1460-2466.1978.tb01621.x.

Barnett O W, Miller-Perrin C L and Perrin R D (2010) Family violence across the lifespan: An introduction. (3rd ed). Sage Publications.

Bartlett J D (2012) Young Mothers, Infant Neglect, and Discontinuities in Intergenerational Cycles of Maltreatment. Tufts University: Unpublished PhD Thesis.

Berns N (2004) Framing the victim: Domestic violence media and social problems. New York: Aldine de Gruyter.

Blaikie N (2012) Designing social research: The logic of anticipation. (3rd.). Cambridge, UK; Malden, MA: Polity Press.

Bryman, Alan (2004) Social Research Methods. (2n ed.). Oxford University Press.

Clevenger B J M and Roe-Sepowitz D (2009) Shelter Service Utilization of Domestic Violence Victims, Journal of Human Behavior in the Social Environment, 19:4, 359-374

Samuels J E (1986) National Institute of Justice Summer Research Fellowships. Anthropology News, 27(3):11

Smyrski, Kim (2013) In Our Own Voice: The Collective Wisdom of Shelter Workers. Unpublished Master Thesis. Canada: University of Manitoba.

Sullivan, Cris M.(2012) Domestic violence Shelter Service: A review of the Empirical Evidence. domestic violence shelter service.pdf [Accessed: 20/8/2021]

Tierney K J (1982) The Battered Women Movement and the Creation of the Wife Beating Problem. Social Problems, 29 (3): 207-220.

Van Eck, Clara Amy (2017) CHANGING THE MESSAGE: BATTERED WOMEN'S ADVOCATES AND THEIR FIGHT AGAINST DOMESTIC VIOLENCE AT THE LOCAL, STATE, AND FEDERAL LEVEL,1970-1990s. OLD DOMINION UNIVERSITY: Unpublished Master Thesis.

Waibel G (2013) Ensuring ongoing support for women's shelters The Case of the autonomous women's shelter in Tyrol. Translated by Rena Katikos. Available at: file:///C:/Users/Roshna%20for%20pc/OneDrive/Desktop/New/New%20books%20and%20research%2019-3-2020/Ensuring%20ongoing%20support%20for%20women's%20shelter.pdf [Accessed: 5 May 2020].

WHO (2007) The Cycles of Violence: The Relationship Between Childhood Maltreatment and the Risk of Later Becoming a Victim or Perpetrator of Violence: Key Facts. WHO Regional Office for Europe, cop.2007. Available at: http://www.euro.who.int/VIOLENCEINJURY%0AThe [Accessed: 5 April 2020].

Wu S S, Ma C X, Carter, R L, Ariet M, Feaver E A, Resnick M B and Roth J(2004) Risk factors for infant maltreatment: A population-based study. Child Abuse and Neglect, 28(12):1253–1264.

Creswell, John W (2009) Research design: Qualitative, quantitative, and mixed methods approach. (2n ed.). Thousand Oaks, Calif.: SAGE Publications.

Dixon L, Hamilton-Giachritsis C and Browne K (2005) Attributions and behaviours of parents abused as children: A mediational analysis of the intergenerational continuity of child maltreatment (Part II). Journal of Child Psychology and Psychiatry, 46(1): 58–68.

Dodge K A, Bates J E and Pettit G S (1990) Mechanisms in the cycle of violence. Science, 250 (4988):1678-1683.

Donovan R P (1990) A case study of cultural ethnicity and enduring social patterns: The Kurds of Iraq. Princeton University: Unpublished Master Thesis.

Ekal B (2014) Women's Shelters in Turkey. Whose Responsibility? No.2 Vol. 44: 237-245

Johnson, John, M (1981) Program Enterprise and Official Cooperation in the Battered Women's Shelter Movement. American Behavioral Scientist, vol. 24, no.6:827-842.

Kok L (1988) Race, religion and female suicide attempters in Singapore. *Social Psychiatric and* Psychiatric Epidemiology 23(4): 236-239.

Muhammed, Abdulsamih and Fatah Rebin (2020) Labour in The Private Sector of The Kurdistan Region of Iraq. Available at:

Myers, Shirley Newsom (2002) A Heuristic Study of Battered Appalachian Women: The Role of Women's Service Programs and the Legal Justice System in Providing Shelter and Protection for Victims of Domestic Violence. The Union Institute Graduate College: Unpublished PhD Thesis.

Neuman, W. (2014) Social Research Methods: Qualitative and Quantitative Approaches. Pearson, Essex, UK.

Newman, Karen Davidson (1990) Giving up: Shelter experiences of battered women. University of Albama: Unpublished PhD thesis.

OSCE (2019) Shelters for Victims of Domestic Violence in Kosovo.

Report on Shelters for victims of domestic violence in Kosovo_eng.pdf [Accessed: 22/8/2021]

Roberts A R and Lewis S J(2000) Giving Them Shelter: National Organization Survey of Shelters for Battered Women and Their Children. Journal of Community Psychology, Vol. 28, No. 6: 669–681